Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.2.8

OPEN ACCESS

*Corresponding author

Sarwar Hama Ahmad
sarwar.ahmad@su.edu.krd

# هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری چینی میللی بەرامبەر کۆماری عێراقی فیدراڵ لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٧ –٢٠٢٤)

**سەروەر حمە أحمد /** کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر،هەرێمی کوردستان‌عێراق

**أمین فرج شریف**/ کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەرێمی کوردستان ، عێراق

RECEIVED :20 /08/2024
ACCEPTED :13/11/ 2024
PUBLISHED :15/04/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
هێزی تیژ،
کۆماری چینی میللی،
کۆماری عێراقی فیدراڵ،
ڕەهەندی سیاسی،
ئابووری و کلتووری

## پوختە

لەو ڕوانگەیەی کە هێزی تیژ بابەتێکی نوێ و گرنگی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە و کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان دادەنێت. ئەم توێژینەوەیە ناونیشان کراوە بە (هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری چینی میللی بەرامبەر بە کۆماری عێراقی فیدراڵ لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٧- ٢٠٢٤)، کە تێیدا دەیەوێت باس لە هێزی تیژ بکات لە سیاسەتی دەرەوەی چین بەرامبەر بە عێراق. گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پرسێک تاوتوێ دەکات، لە ئاستی زانستی و ئەکادیمی؛ وەک پێویست لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکراوە. هەر بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بە ئاراستەی خستنە ڕووی ناساندن، تایبەتمەندی و ئامرازەکانی هێزی تیژ لە لایەک و، دەستنیشان کردنی بوارەکانی پەیوەندی لەنێوان کۆماری چینی میللی و کۆماری عێراقی فیدراڵ لە لایەکی دیکەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە بداتەوە: هێزی تیژ چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی کۆماری چینی میللی هەیە بەرامبەر کۆماری عێراقی فیدراڵ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش، توێژینەوەکەمان لە ڕێگەی میتۆدی وەسفی- شیکاری ناوەڕۆک و، بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی کتێبخانەیی، هەوڵ دەدات سیاسەتی کۆماری چینی میللی بەرامبەر عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٧- ٢٠٢٤ بخاتەڕوو. هەروەها لە پێناو گەیاندنی مەبەست و شیکردنەوەی بابەتەکان، ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە پێشەکی و سێ باسی سەرەکی. بە جۆرێک لە باسی یەکەم، قسە لەسەر چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە دەکرێت. پاشان باسی دووەم، بۆ خستنە ڕووی هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی چین تەرخان کراوە. هەرچی باسی سێیەم و کۆتاییشە، تێیدا تیشک دەخرێتە سەر هێزی تیژ لە پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری چین و کۆماری عێراق. لە کۆبەندیشدا ئەم توێژینەوە گەیشتووەتە چەندین بەرەنجام، کە گرنگترینیان بریتییە لە: کۆماری چین، لە ڕێگەی میکانیزمی جۆراوجۆرەوە هێزی تیژ بەرامبەر کۆماری عێراقی فیدراڵ بەکار دەهێنێت، لە پێناو سەپاندنی هەژموون و دروست کردنی کاریگەریی زیاتر بە سەریدا.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

کۆماری چینی میللی؛ وەک دووەم هێزی ئابووری جیهان، سەرنجی زۆر وڵاتی بەرەو لای خۆی کەمەندکێشکردووە، دەرکەوتنی چین وەک زلهێزێک، وای کردووە بەرژەوەندی و ئامانجی سیاسی، ئابووری و کلتووری لە زۆر شوێنی جیهاندا هەبێت، بە جۆرێک ئەو وڵاتانەی ئەم ئامانجانە وەک هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان دەبینن، بە شێوەی جیاواز، هێز لە سیاسەتی دەرەوەی چین وێنا دەکەن. بۆیە لە دیدگەی توێژەری ئەمریکی (کریستۆفەر واکەر)، توانای چاوەڕواننەکراوی چین بۆ ئەنجامدانی فشار و پروپاگەندە و دروست کردنی هەژموون و کاریگەریی لە وڵاتی بە ئامانج گیراو، پێویستی هێنانە کایەی زاراوەیەکی نوێی دروست کردن بە ناوی "هێزی تیژ"، کە دەتوانێت بە شێوەیەکی گونجاو ئەم دۆخە نوێیەی هێزی چین وەسف بکات.

جۆرەکانی هێز وەک هێزی ڕەق، هێزی نەرم، هێزی زیرەک، لە ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان چەمکی گرنگ و سەرنج ڕاکێشن، بە تێپەڕ بوونی کات بەرهەم هێنراون. لەم نزیکانەشدا و، بە دیاری کراوی لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧، هێزی تیژ بووە چەمکێکی نوێ و هاتە ناو چەمکەکانی نێو کایەیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئەم چەمکە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی چین بەکار هێنرا. بە شێوەیەکی گشتی کاتێک چەمکی هێزی نەرم لەگەڵ هێزی نەرمی چین بەراورد دەکرێت، ڕەخنەی زۆری لێ دەگیرێت. چونکە جێبەجێکردنی هێزی نەرمی چین لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەدا جیاوازە لە وڵاتانی دیکە. ئەم ڕەخنانە زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی چەمکی هێزی تیژ خۆش کرد. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بە باشمان زانی بابەتی "هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری چینی میللی بەرامبەر بە کۆماری عێراقی فیدراڵ لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٧- ٢٠٢٤"، بکەین بە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە.

خستنە ڕووی بابەتی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بە سێ ئاراستەی هاوتەریب، باس لە هێزی تیژی چین بەرامبەر بە عێراق بکات، ئەوانیش: ئاراستەی یەکەم، قسە کردن دەبێت لەسەر خستنە ڕووی پێناسە، تایبەتمەندی و ئامرازەکانی هێزی تیژ. ئاراستەی دووەم، تیشک دەخاتە سەر هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری چین. هەرچی ئاراستەی سێیەم و کۆتاییشە، کار دەکات بۆ دەستنیشان کردنی بوارەکانی پەیوەندیی لەنێوان کۆماری چینی میللی و کۆماری عێراقی فیدراڵ لە چوارچێوەی هێزی تیژدا.

**گرنگی توێژینەوە:** هێزی تیژ، چەمک و بابەتێکی نوێ و گرنگی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ناو زانستە سیاسییەکانە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چارەنووسی هەموو ئەکتەرەکانی ناو کۆمەڵگای جیهانییەوە هەیە. بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەو ڕوانگەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پرسێک تاوتوێ دەکات لە ئاستی ئەکادیمی و زانستی سیاسی دونیای دەرەوەدا جێگای قسە لەسەر کردنێکی زۆرە، بەڵام وەک پێویست لە ناوخۆدا توێژینەوەی زانستی لەبارەوە نەکراوە.

چوارچێوەی شوێن و کاتی توێژینەوە: لە ڕووی ڕەهەندی شوێنەوە (النطاق المكاني)، وەک لە ناونیشانی سەرەکی توێژینەوەکەماندا دیارە، چین و عێراق، چەقی شرۆڤە و باس و بابەتەکانی توێژەرە. هاوکات لە ڕووی ڕەهەندی کاتەوە (النطاق الزمني) لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بۆ ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٤ توێژینەوە لە بگۆڕەکان کراوە.

**پرسیاری توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا ئەم پرسیارە سەرەکییەمان وروژاندووە، بەم شێوەیە: چۆن چەمکی هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی چین جێبەجێ دەکرێت؟ وە هێزی تیژ چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی کۆماری چینی میللی بەرامبەر کۆماری عێراقی فیدراڵ هەیە؟

**گریمانەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تاقیکردنەوەی ئەم گریمانەیە: کۆماری چینی میللی لە ڕێگەی ئامراز و میکانیزمی جۆراوجۆرەوە هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەدا بەکار دەهێنێت، لە پێناو سەپاندنی هەژموون و دروست کردنی کاریگەریی زیاتر بەسەر کۆماری عێراقی فیدراڵ.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکی زانستییە بە ئاراستەی خستنە ڕووی پێناسە، تایبەتمەندی و ئامرازەکانی هێزی تیژ لە لایەک و دەستنیشان کردنی بوارەکانی پەیوەندی لەنێوان کۆماری چینی میللی

و کۆماری عێراقی فیدراڵ لە لایەکی دیکەوە. ئەمە سەربارى ئەوەی مەبەستێتی لەو نێوەندەدا، تیشک بخاتە سەر پراکتیزەکردنی هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری چین.

**میتۆدی توێژینەوە:** لە پێناو گەیاندنی مەبەست و شیکردنەوەی بابەتەکان لە لایەک و وەڵامدانەوەی پرسیاری توێژینەوەکە لە لایەکی دیکەوە، پشتمان بە میتۆدی وەسفی- شیکاری ناوەڕۆک بەستووە. هەروەها بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوە و زانیارییەکانیش کەڵکمان لە ئەدەبیاتی کتێبخانەیی وەرگرتووە، لە نموونەی: تێزی دکتۆرا، نامەی ماجستێر، کتێب، توێژینەوە زانستییەکان و وتارە ئەکادیمییەکان لە گۆڤار و ڕۆژنامە فەرمییەکان، کە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و تورکی نووسراون.

**پەیکەربەندی توێژینەوە:** پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت، لە پێشەکی و سێ باسی سەرەکی. بە جۆرێک لە باسی یەکەم، قسە لەسەر چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە دەکرێت. پاشان باسی دووەم، بۆ خستنە ڕووی هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی چین تەرخان کراوە. هەرچی باسی سێیەم و کۆتاییشە، تێیدا تیشک دەخرێتە سەر هێزی تیژ لە پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری چینی میللی و کۆماری عێراقی فیدراڵ. لە کۆبەندیشدا بەرەنجامی کۆتایی توێژینەوەکەمان دەخەینە ڕوو، لەگەڵ ئاماژەدان بە لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان.

پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو: دیارترین ئەو لێکۆڵینەوانەی نزیک لە توێژینەوەکەمان نووسراون، بریتین لە:

یەکەم/ توێژینەوەی: (Understanding China Through Sharp Power)[1]. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، توێژەر تیشکی خستووەتە سەر "هێزی تیژ" وەک چەمکێکی نوێی ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کە بۆ پێناسەکردنی هێزی چین بەکارهێنراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس لە سەرهەڵدانی دەستەواژەی هێزی تیژ دەکرێت، وە سیاسەتە تیژەکانی دەسەڵاتی چین بە نموونەی جۆراوجۆر وێنا دەکرێن، هاوکات ئەو ڕەخنانەشی کە ئاراستەی زاراوەکە دەکرێن باس دەکرێن. هەروەها زۆرێک لە کێشەکانی پەیوەست بەو چەمکە نیشان دراون و ڕێبازێکی گشتگیر بۆ چەمکەکە لە توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو.

دووەم/ توێژینەوەی: (القوة الحادة الإيرانية تجاه العراق وتأثيراتها)[2]. لەم دکتۆرانامەیەدا، توێژەر لە میانەی سێ بەشی سەرەکی تیشکی خستووەتە سەر بابەتی توێژینەوەکەی. بە جۆرێک لە بەشی یەکەمدا، باس لە پەرەسەندنی چەمکی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەکات. لە بەشی دووەمیشدا، قسە لەسەر دەروازەیەک بۆ هێزی تیژی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات. بەشی سێیەم و کۆتاییشی تەرخان کردووە بۆ بە کار هێنانی هێزی تیژی ئێران لە عێراق.

سێیەم/ توێژینەوەی: ( Soğuk Savaş Sonrasi Dönemde Çin Diş Politikasinda Keskin Güç Uygulamasi)[3]. لەم دکتۆرانامەیەدا، توێژەر لە چوارچێوەی چوار بەشدا تیشکی خستووەتە سەر بابەتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی، بە جۆرێک لە بەشی یەکەمدا باس لە دینامیکییەت و پەرەپێدانی مێژوویی سیاسەتی دەرەوەی چین دەکات. لە بەشی دووەمیشدا توێژەر باس لە چەمکی هێز لە سیاسەتی دەرەوەدا دەکات و تێیدا تیشک دەخاتە سەر چەمکی هێزی تیژ. هەروەها لە بەشی سێیەمیش باس لە بەکارهێنانی هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی چین لە سەردەمی دوای شەڕی سارد کراوە. وە بەشی چوارەم و کۆتاییشی تەرخان کردووە بۆ قسە کردن لەسەر بەکارهێنانی هێزی تیژ لە لایەن چینەوە بەرامبەر ئوسترالیا.

بەگشتی دەکرێت بڵێین، وێڕای ئەوەی ئەو توێژینەوانە هەوڵێکی زانستی پڕ بایەخن لە بواری لێکۆڵینەوە لە چەمکی هێزی تیژ، بەڵام ئەوەی ئێمە لەم سێ توێژینەوەیەدا تێبینیمان کردووە، ئەوەیە بە وردی باسیان لە بەکارهێنانی هێزی تیژی چین بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کۆماری عێراقی فیدراڵ بە تایبەتی نەکردووە. بۆیە توێژینەوەکەی ئێمە جیاواز لەو توێژینەوانەی سەرەوە، دەیەوێت پاڵپشت بە ڕێچکە و تیۆرییە زانستییەکان، کەم و

---

(1) İlhan Aras, Understanding China Through Sharp Power: Dragon's Teeth?, İçtimaiyat Sosyal Bilimler Dergisi, Volume: 6 Issue: 2, 30 November 2022.

(2) هوشنك صابر أحمد، القوة الحادة الإيرانية تجاه العراق وتأثيراتها، أطروحة دكتوراه، فاكلتي القانون والعلوم السياسية والإدارة، جامعة سوران، ٢٠٢١.

(3) Aram Ahmad Wso, Soğuk Savaş Sonrasi Dönemde Çin Diş Politikasinda Keskin Güç Uygulamasi: Avustralya Örneği, Doktora, Karadeniz Teknik Üniveritesi Soysal Bilimler Enstitüsü, Uluslararasi İlişkiler Anabilim Dalli, Mart-2024.

کورتی لە توێژینەوەکانی پێش خۆی پڕ بکاتەوە. هەر بۆیە مەبەســـتێتی بە شـــێوەیەکی گشـــتگیر و، لە دوو ڕوانگەی ســـەرەکییەوە باس لە ناوەڕۆکی هێزی تیژی چین بەرامبەر عێراق بکات، ئەوانیش: ڕوانگەیەکی تیۆریی؛ کە تێیدا هەوڵ دەدرێت بۆ خستنە ڕووی پێناسە، باسکردنی تایبەتمەندی و ئامرازەکانی هێزی تیژ. هەروەها لە ڕوانگە کردارییەکەشدا، لە لایەک تیشک دەخرێتە سـەر هێزی تیژ لە سیاسـەتی دەرەوەی کۆماری چین. لە لایەکی دیکەشـەوە قسـە دەکرێت لەسەر بەکارهێنان و پراکتیزەکردنی هێزی تیژی چین بەرامبەر کۆماری عێراقی فیدراڵ.

## ١- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

لە گۆشـــەنیگای گرنگی هێزی تیژ لە کایەیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بە گونجاوی دەزانین ئەم باســـەی توێژینەوەکەمان بۆ تیشـک خسـتنە سـەر چوارچێوەی تیۆری دەسـتەواژەی هێزی تیژ تەرخان بکەین. بە جۆرێک لە داواکراوی یەکەمدا، قسـە لەسـەر ناسـاندنی چەمکی هێزی تیژ دەکەین. لە داواکراوی دووەمدا، تیشـک دەخەینە سـەر پەیوەندی هێزی تیژ لەگەڵ شـێوەکانی تری هێز. هەرچی داواکراوی سـێیەم و کۆتاییشـە، بۆ ناسـاندنی میکانیزمەکانی هێزی تیژ تەرخان دەکەین.

### ١-١ ناساندنی چەمکی هێزی تیژ:

لە تشـرینی دووەمی ٢٠١٧، توێژەرانی سـیاسـی ئەمریکی (کریسـتۆفەر واکەر/ Christopher Walker) و (جێسـیکا لودفیگ/ Jessica Ludwig) لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییەوە، کە لە گۆڤاری (کاروباری دەرەوە/ Foreign Affairs) بڵاوکراوەتەوە بە نـاونیشـــانی: (مـانـای هێزی تیژ، چۆن دەوڵەتە پـاوانخوازەکـان کـاریگەری خۆیـان بەکاردەهێنن؟)، بۆ یەکەمجار چەمکی (هێزی تیژ/ Sharp Power)ـیان بەکارهێنا. واکەر و لودفیگ پێیان وایە هێزی تیژ بریتییە لە توانای کاریگەری دانان لەسـەر ئەوانی تر، بۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجی خوازراو، بە بەکارهێنانی ئامرازە سـیاسـی، ئابووری و میدیاییە جۆراوجۆرەکان، کە لەسـەر بنەمای دەسـتکاریکردن (Manipulation) و سـەرقاڵکردن (Distraction) دامەزراون بۆ چوونە ناو دەوڵەتی ئامانجدار، لە ڕێگەی پشـتبەسـتن بە بیانوو، تۆقاندن و فشـار بۆ ئەوەی بەرژەوەندی نوخبە سیاسییەکان بە ویستی خۆیان دابڕێژن و کاریگەری لەسەر هێزە کاریگەرەکانیش دابنێن، پاشان کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی بڕیاردان لەو وڵاتەدا هەبێت (Walker & Ludwig 2017).

پاشـان لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧، (سـندووقی نیشـتمانی بۆ دیموکراتییەت/ NED)، لە ڕاپۆرتێکییدا دەڵێت: "پێویستی جددی بۆ سـەر لە نوێ بیرکردنەوە لە ماناکانی هێزی نەرم هەیە، چونکە دەستەواژە بەکارهاتووەکان بۆ ماناکانی ئەو چەمکانەی کە لەدوای جەنگی ساردەوە بەکاردێن، ئێستا بەو شێوە شایستە گوزارشت لە هەڵوێستی هاوچەرخ ناکات" (نای ٢٠١٨). هەر بۆیە ڕاپۆرتەکە هەژموونە نوێیەکانی ســـەرکوتکردن، کە لە جیهاندا هەســـت پێکراون بە هێزی تیژ وەسف دەکات.

دواتر لە ١٦ی هەمان مانگ و ســـاڵ، گۆڤاری (ئیکۆنۆمیســـت/ The Economist)، بابەتێکی گۆڤارەکەی تەرخان کردبوو بۆ باســـکردن لە هێزی تیژ و کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی ئەم هێزە لە لایەن هەندێک لە وڵاتانەوە بە تایبەتی لە لایەن چینەوە، گۆڤارەکە ئەم هێزە وا پێناسـە دەکات و، دەڵێت: "هێزی تیژ ئەو جۆرەیە لە هێز، کە دەوەستێتە سـەر ناکۆکی دروست کردن، ترساندن و فشار، کە بەرەنجام هەموویان دەبنە هۆی بەهێز بوونی خود کۆنترۆڵ کردن. لەو کاتەدا کە هێزی نەرم تریسکە و درەوشانەوەکانی کلتوور و بەهاکان دەقۆزێتەوە بۆ مەزنـدە کردنی هێزی دەوڵەتان، هەر لەو کاتەشدا هێزی تیژ یارمەتی ڕژێمە پاوانخواز و سـەرکوتکەرەکان دەدات کە لە ناوخۆدا بە زەبری هێز خۆیان بسەپێنن و لە دەرەوەشدا کاریگەری جددی لەسەر گۆڕینی ڕا دروست بکەن" (The Economist 2017). لە ڕاستیدا چەمکی هێزی تیژ لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە کاریگەری دەوڵەتە پاوانخوازەکان بەگشـتی و ڕووسـیا و چین بەتایبەتی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی پێشـــنیاز کرا. ئەم دوو وڵاتە ســـەرباری ئەوەی ســـەدان ملیار دۆلاریان تەرخان کردووە بۆ زیادکردنی کاریگەری جیهانییانەی خۆیان لە ڕێگەی ئامرازەکانی هێزی نەرمەوە، بـــەڵام ڕاپرسییەکان و پێوەرەکانی هێزی نەرم ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم ڕژێمە پاوانخوازانە بەدەست کورتهێنانێکی زۆرەوە دەناڵێنن لە هێزی نەرمـــدا، سەرەڕای زیادبوونی چالاکییەکانیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

کاتێک ســـەرنج دەدەین کاریگەری و نفووزی کۆماری چینی میللی لەســـەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشـە دەکات، وە دەبینین چین ئامرازی ئابووری وەک یەکێک لە ئامرازەکانی هێزی ڕەق بەکارنەهێناوە بۆ سەپاندنی

ئیرادەی خۆی و بەدەستهێنانی نفووز و کاریگەریی جیهانی. ئەمە پرسیێکی گەورەی لەنێو تیۆریست و بیرمەندانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئەوانەی لە دیاردەی هێز دەکۆڵنەوە، هێناوەتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم ڕژێمە بە پلەی یەکەم پشت بە هێزی ڕەق نابەستێت و سەرکەوتووش نییە لە بەرهەمهێنانی هێزی نەرم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا توانای سەپاندنی کاریگەری ڕاستەقینەی هەیە لە دەرەوەی وڵات، بۆیە ئەم پارادۆکسە بووەتە جێگای بیرکردنەوە. دواجار ئەو گریمانەیە هاتە ئاراوە کە پێی وایە حکوومەتە تاکڕەوەکان، کە فرەیی سیاسی و ئازادی ڕادەربڕین سەرکوت دەکەن بۆ ئەوەی لە ناوەوە دەسەڵات بپارێزن، ڕەنگە مەیلیان هەبێت بۆ ڕەفتارێکی جیاواز لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتییدا. ئەم ڕژێمانە بە شێوەیەکی نادیار هەندێک جۆری هێزی نەرمیان لە باوەش گرتووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هێزی نەرم نەبووە و، ئەوەی ئەم ڕژێمانە بەکاری دەهێنن لە باشترین شێوە و حاڵەتتدا بە هێزی تیژ وەسف دەکرێت (أحمد ٢٠٢١، ل٥٩).

هێزی تیژ بەهۆی ئەوەی توانای دزەکردن و چوونە ناوەوەی پێکهاتە و سیستەمی سیاسی و ئابووری و میدیایی دەوڵەتی بەرامبەری هەیە، ئەم ناوەی لێنراوە. ئەگەرچی سەرچاوەکانی هێزی تیژ هەمان سەرچاوەکانی هێزی نەرمن، بەڵام لەسەر بنەمای (قەناعەتکردن/ Persuasion) و (ڕاکێشان/ Attraction) نین، بەڵکوو لەسەر بنەمای (دەستکاریکردن/ Manipulation) و (سەرقاڵکردن/ Distraction)ـن، وە بۆیە پێیان دەوترێت تیژ؛ چونکە ژێنگە سیاسی و میدیایی و ئابوورییەکانی وڵاتانی ئامانجدار کون دەکات و دەچێتە ناو پەیکەری کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانە و هەوڵدەدات ئەو دابەشبوونانە بەردەوام بکات کە لەم کۆمەڵگایانەدا هەیە (زعلوک ٢٠٢٣، ص270).

دوای خستنە ڕووی سەرنجەکان لە بارەی هێزی تیژەوە، لێکۆڵەر و توێژەرانی ئەم بوارە پێیان وایە هێزی تیژ پرۆسەیەکی درێژخایەن و فرە ڕەهەندی هەژموون کردە، کە ئامانج لێی زاڵبوونە بەسەر لایەنی بەرامبەر، بۆ نموونە پشتیوانی پارتە سیاسییەکان و میدیا و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەتی بەرامبەر _دەوڵەتی بە ئامانج گیراو_ لە ستراتیژیەتی دەوڵەتی پراکتیزەکەری هێزی تیژ دیدێکی بنچینەیی و سەرەکی گرنگە. بۆیە ئەم پشتیوانی کردنە لە چالاکی ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە دەوڵەتی بە ئامانج گیراو، زۆرجار دەبێتە هۆی تێکدانی دۆخی وڵاتان. هەر بۆیە زۆرترین میکانیزم و ڕێگەی بەکارهێنراویش بۆ تێکدانی دۆخی وڵاتان لە ڕوانگەی هێزی تیژەوە بریتییە لە (Wso 2024, p100-101):

1-فشاری فرە ئاڕاستە: کە خۆی دەبینێتەوە لە فشاری سیاسی، ئابووری، سەربازی، میدیایی و دیپلۆماسی لەسەر دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی بە ئامانج گیراو، لە لایەن دەوڵەتی پراکتیزەکەری هێزی تیژەوە، لە پێناو بەدەستهێنانی هەژمووون و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت.

2-پرۆپاگەندە و زانیاری ناڕاست و نادروست: هەموو چالاکی و پەخشکردنێکی زانیاری لە لایەن دەوڵەتی پراکتیزەکەری هێزی تیژ، ئامانج لێی بێ متمانەکردنی وێنەی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەیە کە تێیدا کاردەکات. بە واتایەکی دیکە ئەو دەوڵەتەی کە هێزی تیژ بەکاردەهێنێت ئامانجی دەستکاریکردنی ڕای گشتییە لەناو وڵاتی بەرامبەر بە قازانجی خۆی.

3-وابەستەیی ئابوری: دروست کردنی زەمینەسازیی و قوڵکردنەوەی پەیوەندییە ئابورییەکان لەگەڵ دەوڵەتی بەرامبەر، وەک ڕێگەیەکی گرنگ دەردەکەوێت بۆئەوەی دەوڵەت یارمەتییە ئابورییەکانی پێشکەش بکات. چونکە ئەو دەوڵەتەی هێزی تیژ جێبەجێ دەکات ئامانجی دامەزراندنی پەیوەندیی وابەستەیی ئابوورییە لەگەڵ وڵاتی ئامانجدار. بەمەش دەیەوێت وڵاتی بەرامبەر لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەی ئەو دەوڵەتە بێت کە هێزی تیژ بەکاردەهێنێت.

4-کاریگەری دانان لەسەر بڕیاردەرانی سیاسی و گروپەکانی فشار: دەوڵەت کە هێزی تیژ بەکاردەهێنێت، دەتوانێت بریکار و نوێنەرەکانی بەکاربهێنێت بۆ گۆڕینی بۆچوونی بڕیاردەرانی سیاسی و گروپەکانی فشار لە وڵاتی بە ئامانج گیراو.

5-ئاشکراکردنی زانیاری هەستیار: دەوڵەتێک کە هێزی تیژ بەکاردەهێنێت، دەتوانێت زانیاری هەستیار لەسەر سیاسەتمەدارانی وڵاتی بە ئامانج گیراو ئاشکرا بکات؛ بە مەش بێ متمانەیی لەنێوان بەرپرسان و هاوڵاتیان دروست دەکات.

بەگشتی دەکرێت بڵێین دەستەواژەی هێزی تیژ، چەمکێکی فراوانترە لەو چەمکانەی کە ئاماژەن بۆ پرسەکانی نفووز و کاریگەریی دەرەکی لە هەڵسوکەوتی سیاسی دەرەوەی دەوڵەتاندا، چونکە دەسەڵات و هێزی تیژ بەکارهێنانی هەموو

ئامرازە سیاسی و میدیایی و کلتووری و ئایینی و ئابووری و هەواڵگرییەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە، جگە لە ئامرازە سەربازییەکانی، لە چوارچێوەی ستراتیژیەت و تاکتیکی ناکلاسیکییدا بە ئامانجی دزەکردن و تێکدانی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی ئامانجدار لە ناوەوە و، سەپاندنی هەژموون بەسەریدا.

## ١-٢ پەیوەندی هێزی تیژ لەگەڵ شێوەکانی تری هێز:

چەمکی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ چوار جۆر پۆلێن دەبن، ئەوانیش: هێزی ڕەق، نەرم، زیرەک و تیژ. "هێزی ڕەق" (Hard Power)، لە دیدگەی ئەکادیمیستی ئەمریکی (جۆزێف نای/ Joseph Nye)ـەوە بریتییە لەوەی کە هێزێک یان دەوڵەتێک وا لە دەوڵەت، یان هێزێکی دیکە بکات، ئەو کردارە بکات کە تۆ وەک دەوڵەتی یەکەم دەتەوێت. جۆزێف نای پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە "زۆرلێکردن و ڕازیکردن" (Coercion and Inducement)، دوو سەرچاوەی سەرەکی هێزی ڕەقن لە جیهاندا. لە لایەکی تریشەوە هێزی ڕەق بەتەنیا بابەتی بەکارهێنانی سەرباز و سوپا و تانک و چەکی قورس نییە، بەڵکوو چەندین فۆرم و شێوازی جیاجیای هەیە کە زۆرجار دەوڵەتانی دونیا لە بەرامبەر ڕکابەر، یان نەیارەکانیان بەکاری دەهێنن، بە ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان و گۆڕینی ڕەفتاری دوژمن و سنووردارکردنی هێز و تواناکانیان (السعدون ٢٠١٦، ص٣). هەر بۆیە گوشاری سیاسی و ئابووری و هەڕەشەی دیپلۆماسی، لە گرنگترین پایەکانی هێزی ڕەقن.

لە بەرامبەردا چەمکی "هێزی نەرم" (Soft Power)، بۆ یەکەمجار لە لایەن (جۆزێف نای)، لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردەوە بەکار هێنراوە، پاشان ئەم چەمکە بووە بە زاراوەیەکی گرنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. نای پێی وایە هێزی نەرم واتە: "توانای دەوڵەتێک لە باوەڕهێنان بە ئەکتەرەکانی دیکە بۆ ئەنجامدانی کارێک لەو شتەی کە دەوڵەتەکە دەیەوێت، بەبێ بەکارهێنانی هێزی سەربازیی و زۆرلێکردن". سەرچاوەکانی هێزی نەرم زیاتر شاراوە و هەست پێ نەکراوە، وەک: کلتوور، مێژوو، شێوازی ژیان، ئایدیۆلۆژیا، بەرهەمی ئابووری، هونەر، ناوەندە ئەکادیمییەکان، وەرزش، ڕاگەیاندن و میدیا، بەها سیاسییەکانی وەک ئازادی، دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی (نای ٢٠٠٧، ص٢٤).

هەرچی "هێزی زیرەک" (Smart Power)ـە، پێکدێت لە بەکارهێنانی هەر دوو هێزی نەرم و ڕەق لە یەک کاتدا. ئەکادیمیستی ئەمریکی (سوزان نوسیل / Suzanne Nossel)، دەڵێت: "هێزی زیرەک بە مانای تێکەڵکردنێکی زیرەکانەی هەر دوو هێزی نەرم و هێزی ڕەقە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو هەڕەشانەی لەسەر ئەمنییەتی نەتەوەیی وڵاتان هەیە" (الهرمزي 2016، ص57). هەروەها بیرمەندی ئینگلیزی (ئێرنست ویڵسن/ Ernest Wilson) پێی وایە، هێزی زیرەک بریتییە لە توانای ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی بۆ تێکەڵکردنی توخمەکانی هێزی ڕەق و هێزی نەرم، بە شێوەیەک کە دڵنیابێت لەوەی تواناکانی چالاک و بەهێزتر دەکات و، بەکاریان دەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی (علي 2020، ص٣٦٨).

لە پەیوەندی هێزی تیژ لەگەڵ شێوەکانی تری هێز، بیرمەندی ئەمریکی "جۆزێف نای" پێی وایە لە بواری دیپلۆماسییەتی گشتییدا، ڕاستی و کرانەوە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان هێزی نەرم و هێزی تیژە. بۆ نموونە ئەو کاتەی کە ئاژانسی هەواڵی فەرمی چین (شینوا/ Xinhua News Agency) پەخشی هەواڵ بە ئاشکرا لە دەوڵەتانی تر بڵاودەکاتەوە، ئەوا بەکارهێنان و خستنەکاری شێواز و تەکنیکەکانی هێزی نەرمە. بەڵام کاتێک ئێزگەی نێودەوڵەتی چین بە شێوەیەکی نهێنی هاوکاری و یارمەتی (٣٣) وێستگەی ڕادیۆیی لە (١٤) وڵات دەدات، ئەمە دەبێتە تێپەڕاندن لە سنوورەکانی هێزی نەرمەوە بۆ هێزی تیژ (Nye 2018).

لە هەمان کاتدا نووسەری کەنەدی (مایکل کۆل/ Michael Cole)، تیشک دەخاتە سەر جیاوازی نێوان هێزی نەرم و هێزی تیژ، جیاوازییەکە بەم نموونە ڕوون دەکاتەوە، کە دەڵێت: "بەکارهێنانی کلتووری چین و بوونی میدیایی جیهانی بۆ زیادکردنی کاریگەرییەکانی لە سەرانسەری جیهاندا دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی توخمەکانی هێزی نەرم، لە کاتێکدا ئەم بەکارهێنانە بۆ دەسەڵاتی نەرم بە ڕەوا دادەنرێت، بەڵام چونکە لایەن ڕژێمێکی پاوانخواز و نادیموکراسییەوە ئەنجام دەدرێن ناتەبایی و ناڕێکی لەگەڵ پرسە ئەخلاقییەکان و بەها دیموکراتییەکان پەیدادەکات بەکارهێنانەکان دەبن بە هێزی تیژ" (Cole 2018, p10).

بەگشتی هێزی تیژ لە ڕێگەی ئامرازەکانی پرۆپاگەندە و سانسۆرەوە جێبەجێ دەکرێت، بۆیە ئەو خاڵەی کە هێزی تیژ جیادەکاتەوە لە هێزی نەرم ئەوەیە کە بنەمای پرۆپاگەندە و سانسۆر بوونی هەیە و زۆر بەهێزە، لە بەرامبەردا بنەمای پرۆپاگەندە و سانسۆر لە هێزی نەرمدا بوونی نییە. لەم چوارچێوەیەشدا هاوشێوەی چەمکی "سۆسیالیزم بە تایبەتمەندی چینی"، دەکرێت هێزی تیژ وەک تایبەتمەندی چینی هێزی نەرم هەڵبسەنگێنرێت. ئەمە سەرباری ئەوەی هێزی تیژ لە ڕووی ئامانجەوە جیاوازە لە جۆرەکانی دیکەی هێز بەگشتی و هێزی نەرم بەتایبەتی. چونکە ئامانجی هێزی تیژ باشترکردنی وێنەی دەوڵەت نییە لە لای کۆمەڵگای دەوڵەتی بە ئامانج گیراو، بەڵکوو ئامانجیان شتێکی ترە، کە زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە دروست کردنی هەژموون و چوونە ناو ژینگەی سیاسی و ئابووری و میدیایی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی ئامانجدار. بۆیە دەکرێت بڵێین، هێزی تیژ شێوازی مۆدێرن و فۆرمی نوێی هێزە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بەو پێیەی جیاوازە لە فۆرم و شێوازەکانی تری دەسەڵات و هێز، بەتایبەت هێزی نەرم، لە ڕووی ڕەفتار و سەرچاوە و ئامانجەوە، هەرچەندە هاوبەشی هەیە لەگەڵیان لە ڕووی میکانیزم و ئامرازەکانی نفووز و کاریگەری دروست کردن.

### ١-٣ ئامراز و میکانیزمەکانی هێزی تیژ:

لە چوارچێوەی جۆری هێزی بە کار هێنراودا، دەوڵەتان هەوڵ دەدەن هەموو ئامرازێکی سیاسی، دیپلۆماسی، کلتووری، میدیایی، ئابووری، سەربازی و هەواڵگری بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بە کار بهێنن. هێزی تیژیش بریتییە لە بەکارهێنانی ئامرازە جۆراوجۆرەکان کە لە بەردەستی دەوڵەتدایە بۆ چوونە ناو ژینگەی سیاسی و ئابووری و میدیایی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی ئامانجدار، ئەمەش بەو مانایەیە کە دەوڵەت هەموو ئامرازەکانی خۆی، جگە لە ئامرازە سەربازییەکان، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بە کار دەهێنێت. بەگشتی هێزی تیژ لە ڕێگەی ئەم ئامراز و میکانیزمانەوە بە کار دەهێنرێت، کە گرنگترینیان بریتییە لە:

یەکەم/ ئامرازەکانی هێزی نەرم (Soft Power Instruments): دەوڵەت لە بەکارهێنانی هێزی نەرمدا، پشت بە میکانیزمی کلتووریی، میدیایی، ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی، هونەری، دیپلۆماسی، ئامرازەکانی پرۆپاگەندە و ئایدیۆلۆژیی دەبەستێت، کە لەم ستراتیژانەی خوارەودا کورتکراونەتەوە (Taehwan 2018):

1) بەرنامەی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیریی، لە ڕێگەی پەیمانگاکانی فێرکردنی زمان و دامەزراوە ڕۆشنبیریی و ئایینییەکان.

2) میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە بە زمانە جیاوازەکان بڵاوبوونەتەوە.

3) پرۆگرامی بەخشین و هاورێیەتی و، ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی و زانستی.

4) ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دامەزراوە ناحکوومییەکان و کۆمەڵەی دۆستایەتی نێوان گەلان و وڵاتان.

ئەم ئامرازانە وەک فاکتەری ڕاکێشان و ڕازیکردن و باشترکردنی وێنەی دەوڵەت بەکاردەهێنرێن. بەڵام ئەو وڵاتانەی دەسەڵاتی پاوانخوازییان هەیە، کەرەستەکانی هێزی نەرم بۆ ئەم ئامانجانە بەکارناهێنن، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەو ئامرازانەوە کار بۆ سەپاندنی هەژموون و دروست کردنی کاریگەریی دەکەن و، پشت بە دەستکاریکردن و سەرقاڵکردن دەبەستن، بۆ ئەوەی بچنە ناو ژینگە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتی ئامانجدارەوە، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان. بۆیە ئەوەی کە بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە لە چوارچێوەی هێزی تیژدا جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە پەیوەستن بە ئامرازەکانی ترەوە، کە بریتین لە بەکارهێنانی زۆرەملێ، وەک هەڕەشە و فشار، یاخود ئامرازی هەواڵگری. واتە ئەم ئامرازانە دەبێت دوو تایبەتمەندی هەبێت، ئەوانیش: دزەکردن _چوونە ژوورەوە_ و نهێنی، کە دوو توخمی گرنگن کە دەبێت ئامادەییان هەبێت.

دووەم/ گێڕانەوەی ستراتیژی (Strategic Narratives): گێڕانەوەی ستراتیژی ئامرازێکە بۆ ئەکتەرە سیاسییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرجەستەکردنی بۆچوون و ڕەفتاری خۆیان لە ژینگە سیاسییە جیاوازەکاندا، بە خستنە ڕووی دیدگایەک کە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەروەها ئامرازێکە بۆ فراوانکردنی کاریگەری و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی چاوەڕوانییەکانی ئەوانی دیکە و قەناعەت پێکردنیان بە فۆرم و ناوەڕۆکی گێڕانەوەکە. ئامانجی گێڕانەوە بریتییە لە کاریگەری دروست کردن لەسەر هەڵسوکەوتی ئەوانی تر لە کورتخایەندا، لە کاتێکدا لە درێژخایەندا بە مانای پرۆسەی قبووڵکردنی گێڕانەوەی ستراتیژییە بۆ داڕشتنی بەرژەوەندییەکان و تێگەیشتنی ئەوانی دیکە بۆ وێنە و پێگەی ئەکتەری سیاسی لە کارلێکە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا (أحمد و الرشدان 2021، ص713).

لە چوارچێوەی هێزی تیژدا، دەوڵەتان گێڕانەوەی ستراتیژی بە کار دەهێنن بە ئامانجی تێکدانی گێڕانەوەی ستراتیژی وڵاتانی دیکە، کە لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندییەکانیاندا ناگونجێت، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەن بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتی بەرامبەر بە قبووڵکردنی گێڕانەوەی ستراتیژی خۆیان. بۆ نموونە ڕووسیا لە گێڕانەوەی ستراتیژی خۆیدا پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێت کە جێبەجێکردنی نەزمی لیبراڵ بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەورووپا و تەواوی جیهان دەبێتە هۆی کۆتاییهاتنی سەروەری نەتەوەیی. لە بەرامبەردا خۆی وەک هاوبەشێکی جێگرەوە دەناسێنێت، کە بەڵێن دەدات شانبەشانی وڵاتانی ئەورووپا کار بکات بۆ بەرگریکردن لە بەهاکانیان، بەم شێوەیە ئامانجی ڕووسیا لاوازکردن و تێکدانی یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ و بەها و پێوەرەکانی لیبراڵیەتی ڕۆژئاواییە، لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوەیە دەیەوێت دڵ و مێشکی هاووڵاتییانی وڵاتانی ئامانجدار بەرەو قبووڵکردنی هەژموون و کاریگەری ڕووسیا بگۆڕێت. هەروەها ڕژێمی چینیش لە ڕێگەی گێڕانەوەی ستراتیژی خۆیەوە، هەوڵ دەدات چین وەک قوربانییەکی مێژوو پیشان بدات بۆ ئەوەی پاساو بۆ هەژموون و فراوانبوونی خۆی بهێنێتەوە، لەگەڵ بەرەوپێشبردنی کلتووری نەریتیی چینی کە کۆنفۆشیۆسیزم[4] و، بەها سۆسیالیستییەکانی نوێنەرایەتی دەکات (Wso 2024, p124).

سێیەم/ تۆڕە میدیایی و سیاسییەکان (Media And Political Networks): تۆڕە سیاسییەکان ئاماژەیە بۆ پەیوەندی ئاشکرا، یاخود شاراوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و میدیا و کەسانی دیاری وڵاتی بە ئامانج گیراو، بە مەبەستی دروست کردنی هەژموون بەسەر وڵاتی بەرامبەر. ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازە سیاسی، هەواڵگری، ئابووری و میدیاییەکانەوە ئەنجام دەدرێت. ئەم تۆڕانە یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو دەوڵەتەی کە هێزە تیژەکەی لەناو دەوڵەتی ئامانجداردا بەکار دەهێنێت، بەتایبەتی لە گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییە درێژخایەنەکان، بە سوودوەرگرتن لە خاڵە لاوازەکانی ئەو دەوڵەتانە، وەک: حوکمڕانی لاواز، کۆمەڵگای مەدەنی گەشەنەکردوو، میدیای سەربەخۆ کە بودجەی کەمی هەیە، جگە لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی زۆر و کردەوەیی نایاسایی (أحمد و الرشدان ٢٠٢١، ص٧١٤- ٧١٥). لەم دۆخەدا دەوڵەت بە بەکارهێنانی هێزی تیژ لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە دەتوانێت لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بچێتە ناو سیستەمی ئەم وڵاتانەوە و، کاریگەری خۆی بسەپێنێت بەسەریاندا. وەک چۆن ڕووسیا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی تۆڕە سیاسییەکانییەوە ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت، کاتێک هێزی تیژ لە ستراتیژییەکانیدا بەرامبەر بە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بەکار دەهێنێت.

چوارەم/ ڕێوشوێنە ئابووری و بازرگانییەکان (Economic and Trade Measures): ئامانج لە کەڵک وەرگرتن لە ڕێوشوێنە بازرگانی و ئابوورییەکان لە چوارچێوەی هێزی تیژدا، هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ئاراستەی سیاسی و ئابووری وڵاتی ئامانجدار، یاخود ملکەچ بوونی بۆ خواستەکانی وڵاتی پراکتیزەکەری هێزی تیژ. ئەم ڕێوشوێنانە ڕاستەوخۆ لە لایەن حکوومەت، یان کۆمپانیاکانی سەر بە دەوڵەت، وە یاخود لە ڕێگەی ئەو لایەنانەی کە بەناوی دەوڵەتەوە کاردەکەن جێبەجێ دەکرێن. ئەمەش لە شێوەی کاریگەری و دزەکردنی سیاسی لە ڕێگەی بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانییەوە دێت، کە کۆمپانیاکان و گروپە بازرگانییە ناوخۆییەکان، چ حکوومی و ناحکوومی، بە پاڵپشتی و ئاراستەکردنی حکوومەت، بەشداری لە فشاری سیاسی و دارایی پارتە سیاسییەکان، گروپە فشارەکان و کەسایەتییە دیار و کاریگەرەکان لە وڵاتانی ئامانجدار بۆ بەرژەوەندی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکانیان دەکەن (Wso 2024, p128).

بەگشتی دەکرێت بڵێین، ئامرازەکانی هێزی نەرم و گێڕانەوەی ستراتیژییەکان و تۆڕە میدیایی و سیاسییەکان و ڕێوشوێنە بازرگانی و ئابوورییەکان لە گرنگترین و دیارترین میکانیزمەکانی پیادەکردنی هێزی تیژن، ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێکجار دەوڵەتانی پراکتیزەکەری ئەم شێوازە لە هێز، پەنا بۆ کۆمەڵە ئامرازێکی دیکەش دەبەن، لە نموونەی: هەڵمەتی دەستکاریکردنی زانیارییەکان، دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و ئامرازەکانی سیخوڕی ئەلیکترۆنی.

---

([4]) کۆنفۆشیۆس (Confucius): فەیلەسووفێکی چینی سەدەی شەشەمی پێش زایینە (٥٥١ پ. ز- ٤٧٩ پ. ز). فەلسەفەکەی بایەخ دەدات بە ئەخلاقی تاکەکەسی و کۆمەڵگایی، دادپەروەری و ئاکارباشی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هاوسەنگەکان، لەگەڵ دڵسۆزی و بەرپرسیاریێتی. بیرۆکەکانی کۆنفۆشیۆس، ئێستا دەزگایەکی فەلسەفی و شێوازی بیرکردنەوەیەکی تایبەتی لێ دروست بووە بە ناوی کۆنفۆشیۆسیزم (توێژەران).

## ٢- هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری چینی میللی:

لە ڕوانگەی وەسف کردنی هێزی چین؛ بە هێزی تیژ، بە گونجاوی دەزانین ئەم باسەی توێژینەوەکەمان تەرخان بکەین بۆ باسکردنی هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری چین. بە جۆرێک لە داواکراوی یەکەمدا، قسە لەسەر وێنا کردنی هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی چیندا دەکەین. لە داواکراوی دووەم، تیشک دەخەینە سەر پیادەکردنی هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی چینی میللی. لە داواکراوی سێیەم، باس لە ڕۆڵی هێزی تیژی چین لە پرۆژەی ڕێگەی ئاوریشمی نوێ دەکەین. داواکراوی چوارەمییش، تەرخان دەکەین بۆ بەکارهێنانەکانی هێزی تیژ لە بواری کلتووری و پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس.

## ٢-١ وێنا کردنی هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی چیندا:

کۆماری چینی میللی لە زۆر ڕووەوە ئاڵۆزە، خۆیشی مەبەستییەتی بە نهێنی و ئاڵۆزی بمێنێتەوە، حکومەتی چین نایەوێت ببێتە جێگای سەرنجی وڵاتانی تر، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ ئەوەی دەرفەتی بۆ برەخسێت بەبێ ڕێگری زۆر، بە ئەمریکا بگات و، هەموو ئەو کارانەی کە دەبێت بیکات ڕێگری لێ نەکرێت. لەم ڕوانگەشەوە نووسەر و دیپلۆماتکاری ئەمریکی (چارلس هیڵ/ Charles Hill)، لە بابەتێکییدا کۆمەڵێک سەرنجی لە بارەی ناوەڕۆکی هێزی چین تۆمارکردووە، ئەوانیش:

یەکەم/ پەیوەندی نێوان ماو و کۆنفۆشیۆس: پەیوەندییەکی ناتەبا لەنێوان ماویزم(5) و کۆنفۆشیوزمدا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرانی چین بەگشتی باوەڕیان وەهابوو، چین تەنیا دامەزراوەیەک نییە، بەڵکوو کلتوورێکیشە، ئەم کلتوورە هۆکاری گەشەنەکردنی چینە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە، ڕۆشنبیران، بەتایبەتی ڕۆشنبیرانی نێو بزووتنەوەی چواری ئایار(6)، هەڵوێستێکی دژە کلتووریيان گرتەبەر. (ماو تسی تونگ)(7) خۆی یەکێکە لە نەوەی ڕۆشنبیرانی چواری ئایار، بۆیە مایەی سەرسوڕمان نییە کە کلتوور هێندە جێگایەکی پڕ بایەخی هەبێت لە لای، وە هێندە بە گرنگی دەبینێت کە شۆڕش لە دژی بەرپا دەکات (Wso 2024, p110). ئێستا چین لەسەر دەستی (شی جین پینگ/ Xi Jinping)، سەرۆککۆماری ئێستای چین، خەریکی پێکەوەگرێدانی ئەم دوو دیدەیە، بەڵام توانای پێکەوەگرێدانی نییە. ماو تسی تونگ لە مۆدێرنخوازە تەقلیدییەکان بوو، ئەوانەی کە داوای دابڕان لەگەڵ هەموو نەریتێکدا دەکەن، بەڵام ئێستا چین لە هەوڵی پێکەوەگونجاندایە، هەندێک توێژەر سەردەمی "شی جین" بە کۆتایی سەردەمی ڕیفۆرم ناودەبەن. ئەمەش دەسپێکی هاتنە ئارای سیستەمێکی نوێی فراوانخوازە لە چوارچێوەی بنەماکانی هێزی تیژ.

دووەم/ پەیوەندی نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزم: چارلس هیڵ وەهای دەبینێت کە ئەم دوو سیستەمە، کە هەر دوو بە ڕەچەڵەک ڕۆژئاواییین بە تەواوی دژ بە یەکن، پەکین بە زیادکردنی کارەکتەری چینی دەیەوێت پێکەوەیان بنوسێنێت، ئەم لوغز و نهێنییە وای لە ڕۆژئاواییەکان کردووە کە چاوەڕێی ئەوەبن کە ئەم دوو پارادایمە لە یەک

---

(5) ماویزم (Maoism): ئەو تێگەیشتنەیە کە ماو تسی تونگ لەمەڕ ستراتیژی شۆڕش و مارکسیزم- لینینیزم و، چۆنیەتی گونجاندنی مارکسیزم- لینیزم لەگەڵ بارودۆخی چیندا هەیبوو، یەکێک لەو پرسە سەرەکییانەی کە ماو و کۆمۆنیستەکانی چین لە کۆمۆنیستەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەوان ناوەندی خەباتیان لە شارەکانەوە بۆ گوندەکان گواستەوە، بە پێچەوانەی وڵاتێکی وەک بەریتانیا کە خەباتی کۆمۆنیستی لە دەستی کرێکارانی شارنشیندا بوو. لە چین و بەسەرکردایەتی ماو جووتیارانی گوندنشین خەباتەکەیان بەدەستەوە گرت، ئەمەش هەم جیاوازییە و، هەم وەک خاڵێکیش دەستنیشان دەکرێ کە کۆمۆنیستەکانی چین بۆ شۆڕشی کۆمۆنیستیان زیاد کردووە، ماو سەرکردایەتی ئەم شۆڕشەی کرد و، لە ساڵی 1949دا سەرکەوت و سوپاکەی ماو کەسوپایەکی جووتیاری بوو، لە هەمان ساڵدا یەکە یەکەی شارەکانیان گرت (ئەحمەدی ٢٠١٢، ل137).

(6) بزووتنەوەی چواری ئایار (May Fourth Movement): بزووتنەوەیەکی کلتووری و سیاسی دژە کۆلۆنیالیزمە، لە ناڕەزایەتییەکانی فێرخوازانی پەکین لە 4ی ئایاری 1919 سەریهەڵدا، قوتابیان و خوێندکاران لە وەڵامی هەڵوێستی لاوازی حکومەتی چین لەسەر پەیمانی ڤێرسای ناڕەزایەتییان دەربڕی، کە تێیدا حکومەت بڕیاریدا، ڕێگە بە ژاپۆن بدات بۆ پاراستنی خاکی شاندۆنگ کە ئەڵمانیا دوای گەمارۆدانی تسینگتاو لە ساڵی ١٩١٤دا تەسلیمی کردبوو. ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی فێرخوازان، سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە و بووە هۆی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی چینی (Encyclopaedia Britannica 1922).

(7) ماو تسی تونگ (Mao Zedong) (٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٣– ٩ی ئەیلوولی ١٩٧٦)، شۆڕشگێڕێکی کۆمۆنیستی چینی بوو، کە بە دامەزرێنەری کۆماری گەلی چین دادەنرێت. ئەو لە دامەزراندنی ئەو کۆمارە لە ساڵی ١٩٤٩ەوە تاکوو مردنی، وەک سەرۆکی وڵات کاری کرد. ماو ئایدۆلۆژیای مارکسی- لینینی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکە و هزرەکانی، لەگەڵ ستراتیژیی سەربازی و زانستی سیاسیی ئەو، وەک کۆکراوەیەک بە ماویزم ناسراوە و، بووە بە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بە ماو تسی تونگ (توێژەران).

بترازێت. بەڵام ئەم دۆخە بەو جۆرە ڕەش و سپی نییە، وەک بیرمەندی ئیتالی (دۆمێنیکۆ لۆسۆردۆ / Domenico Locerdo) باسی دەکات، چین ئابووری سەرمایەداری بە پێویست زانی بۆ سۆسیالیزم، بە جۆرێک کە سەرکردەی چینی (دینگ شیاو پینگ/ Deng Xiaoping) مارکسیزمی هەڵگەڕاندەوە، بەوەی کە جەختی لەسەر سیاسەت کردەوە نەک ئابووری سۆسیالیزم، وتە هەرە بە ناوبانگەکەی دینگ کە دەڵێت: "گرنگ نییە پشیلە سپییە یان ڕەش، گرنگ ئەوەیە کە مشک بگرێت"، بەو مانایە گرنگ نییە کە سیستەمەکە سۆسیالیزمە یان سەرمایەداری، گرنگ ئەوەیە بە ئەرکەکانی هەستێت، ئەم دیدە لە هەمانکاتدا بە مانای کۆتایی ئایدۆلۆژیا و سەرەتای پراگماتیزم دێت ( Losurdo 2017, p51). لە هەمانکاتدا مۆدێلی چینی دەرخەری ئەوەیە کە کاپیتالیزم دەتوانێت بەبێ کێشەی لەگەڵ سیستەمی سۆسیالیزمدا بژی، بە تایبەتی کاتێک ناچاری و پراگماتیز دێتە ئاراوە، ئەوەی دینگ شاو پینگ وتی گرنگ نییە کە پشیلەیەک ڕەش بێت یان سپی ...، بەو پێیە گرنگ نییە سۆسیالیزمە یان کاپیاتالیزم، گرنگ ئەوەیە ئیش بکات و بەرهەمی هەبێت، ئەم وتەیەی دینگ پاش شکستی مۆدێلی ماویزم دێت، بە تایبەتی کاتێک کە ماو خۆشی بڕوای بە ئایدۆلۆژیاکەی خۆی نەمابوو، وەک نووسەری ئەمریکی (لۆرێنس لوتی/ Lorenz Lüthi) ئاماژەی پێ دەکات، دوای شکستی شۆڕشی ڕۆشنبیریی، ماو تسی تونگ چیتر باوەڕی بە سۆسیالیزم وەک ئایدۆلۆژیا نەما و پراگماتیکتر مامەڵەی دەکرد (Luthi 2008, p15).

سێیەم/ دەوڵەت یان ئیمپراتۆرییەت؟: بەڕای چارلس هیڵ پرسیار دەربارەی شوناسی چین، پرسیارێکی ڕەوایە، ئایا چین دەوڵەتە، یان ئیمپراتۆرییەت؟، لە ماوەی ڕابردوودا چین بە چەندین وەرچەرخانی گەورەدا تێپەڕیوە، چین وەک وڵاتانی تورکیا، ئێران و ڕووسیا لەو جۆرە وڵاتانەیە بە وەرچەرخانێکی ڕادیکاڵدا تێپەڕیوە، لە ئیمپراتۆریەتەوە بۆ دەوڵەت- نەتەوە، بە هاتنی دەوڵەت- نەتەوە، یادەوەری و شوناسی ئیمپراتۆرییەت نەک هەر نەسڕایەوە، بەڵکوو جارێکی دیکە لە چوارچێوەیەکی تردا بەرهەم دێتەوە، ئەم دۆخە تێکەڵەیەک دروست دەکات لەنێوان مەزنێتی و بچوکێتی، لەنێوان ڕابردوویەکی مەزن و ئێستایەکی قەیراناویی و داهاتوویەکی خەیاڵکراو. پرۆسەی گواستنەوە لە ئیمپراتۆریەتەوە بۆ دەوڵەت- نەتەوە، واتە لە خۆگرتن و هەوڵی توانەوەی هەموو ئەوانەی کە لە هەناو سنووری ئیمپراتۆریەتدا بوون و ئێستا بەشێکن لە سنووری دەوڵەت- نەتەوە، ئەمە بنەمای سیاسەتی ئیتنی چینە، کە سیاسەتێکی ڕەق و پڕ لە توندوتیژییە (Sun 2020, p19). بۆیە پێمان وایە، لە ناوخۆدا حکومەتی چین کێشەی لەگەڵ کەمینە نا- هانەکاندا هەیە، لە هەمانکاتدا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بە تایبەتی کێشەی تایوان و تیبت و هۆنگ کۆنگی هەیە. هەموو ئەمانە بە بەردەوامی بەشێکن لە سیاسەتی دەرەوەی چین، بۆیە چین لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت ئەو وڵاتە دان بە تایواندا بنێن، یاخود نابێت باسی پرسی تورکە ئیگۆرەکان بکەن، لە بەرامبەردا دەبێت پرسی یەکێتی کۆماری چینی میللی لە بەرچاو بگرێت، ئەم مەرجانە کاتێک دەبنە کێشە ئەگەر هاتوو وڵاتێک پەیوەندی هەبوو لەگەڵ چین و لەم مەرجانە لایدا، کەواتە هێزی تێژ ئەو کاریگەرییەی هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی چین کە وڵاتان ناچار بە لایەنگری و هەڵبژاردن دەکات. ئەم مەرجانەش جۆرێکە لە هەژموون سەپاندن نەک خواستێکی ئازاد.

بەگشتی دەکرێت بڵێین، لە سەردەمی دوای جەنگی ساردەوە زۆر لێکدانەوە بۆ هێزی کۆماری چینی میللی کراوە، توێژەران کە لە ڕووی جۆرەکانی هێزەوە لێکۆڵینەوەیان لەو وڵاتە کردووە، شایەتحاڵی پراکتیزەی هێزی جیاواز و جۆراوجۆر بوون. هەر بۆ وێنە چین بە گوێرەی پرۆگرامی (ڕیزبەندی جیهانی بۆ هێزی نەرم 30- ٢٠١٩/ A Global Ranking of Soft Power 30- 2019) لە پلەی بیست و حەوتەمی هێزی نەرمی جیهانییدا بوو ( The Soft Power 30 -2019, p37). ئەمەش وای لە نووسەری ئەمریکی، "جۆزێف نای" کردووە کە پێی وابێت دوو هۆکاری سەرەکی هەیە کە هێزی نەرمی چینی سنووردار کردووە، ئەوانیش: یەکەم/ ناسیۆنالیزم: چین؛ لە دەریای باشووری چین کێشەی لەگەڵ دراوسێکانی هەیە و، دەکرێت هەڵوێستی توندی ناسیۆنالیستی بەرامبەریان هەبێت. هۆکاری دووەم/ لە کێشەکانی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بێ سانسۆر سەرچاوەی گرتووە، چونکە سەرچاوەی سەرەکی هێزی نەرمی چین هێشتا حکومەتەکەیەتی، تاک و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگای مەدەنی لە دەسەڵاتی نەرمی چیندا بوونێکی کردەییان نییە (Nye 2018).

هەروەها توێژەری ئەمریکی، "کریستۆفەر واکەر" پێی وایە ڕژێمە پاوانخواز و تاکڕەوەکانی وەک چین هێزی ڕەق نیین، بەڵام هێشتا دەتوانن کاریگەرییان لەسەر وڵاتانی دیکەی جیهان هەبێت، بۆ ئەم وڵاتانەش سیفاتە سەرەکییەکانی هێزی

تیژ بریتین لە سانسۆری دەرەکی و قۆرخکاری و دابڕکاری، نەک ڕازیکردن و سەرنجراکێشان. هەر بۆیە "واکەر و لودڤیگ" لە بارەی هێزی تیژی چینەوە دەڵێن: نابێت توێژەرانی سیاسی، هەوڵەکانی پەکین وەک هێزی نەرم تێبگەن، چونکە چالاکییەکانی چین بە شێوەیەکی دروستتر ناویان لێ نراوە هێزی تیژ، بەو مانایەی ژینگە سیاسی و میدیایی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ئامانجدار پارچە پارچە دەکەن (Walker & Ludwig 2017). لە لایەکی دیکەوە ئەکادیمیستی کۆریایی باشوور، (ئارام هوور / Aram Hur)، دەپرسێت بۆچی دەوڵەتە تاکڕەوەکان هێزی تیژ بەکاردەهێنن؟ لە وەڵامدا دەڵێت: هۆکارەکەی ئەوەیە دەوڵەتە پاوانخوازەکان، بۆ بەدیهێنانی هەژموون زیاتر و ئامانجی باڵاتر پەنا بۆ هێزی تیژ دەبەن کە بە هێزی نەرم و ڕەق بەدی نایەت (Hur 2019, p184).

لە دیدگەی توێژەری ئەڵمانی (ئینسا ئیڤێرت/ Insa Ewert)، هێزی تیژ وەک تێکەڵەیەک لە چەوساندنەوە و فشار پێناسە کراوە، کە سانسۆرکردن پەرەپێدەدەن. لە کاتێکدا هێزی نەرم لە ڕێگەی کلتوور و بەهاکانەوە سەرنجراکێشان دروست دەکات، هێزی تیژ واتایەکی بەهێزی دەستکاریکردنی زانیارییەکان لەگەڵ خۆیدا دێنێت. لە کاتێکدا هێزی نەرم وەک سەرنجراکێش پێشکەش دەکرێت، بۆیە هێزی تیژ مەترسیدار دەردەکەوێت. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەندروست لە هێزی تیژی چین تێبگەین، سێ توخم زۆر گرنگن، ئەوانیش: مەعریفە، پراگماتیزم و بنیاتنان لەسەر دەستپێشخەرییە هەبووەکان (China File 2018). هەروەها نووسەری فەرەنسی بە ڕەگەز ئەمریکی (پیتەر ئیزاکسۆن/ Peter Isackson)، کۆماری چین وەک پاڵەوانی ئێستای هێزی تیژ دەزانێت (Isackson 2019). توێژەری کۆریش (کیم تاهوان/ Kim Taehwan) بانگەشەی ئەوە دەکات، کە هێزی تیژی چین ئاڵنگارییەکی زۆر گەورە و ڕوونە بۆسەر سیستەمی لیبراڵی جیهانی (Taehwan 2018).

جگە لەوەش ئەکادیمیستی ئەمریکی بەڕەگەز چینی (یەننا وو/ Yenna Wu)، پێی وایە زاراوەی هێزی تیژ بە کەڵکمان دێت بۆ ئاماژەکردن بە کاریگەریی دەوڵەتە تاکڕەو و زۆرەملێکان کە لەژێر هەوڵەکانی هێز و دەسەڵاتی نەرمدا خۆیان مەڵاس داوە (Wu 2019, p133). لە بەرامبەریشدا نووسەری هۆڵەندی (مانیا کوێتسێ/ Manya Koetse)، جەخت لەوە دەکاتەوە کە چەمکی هێزی تیژ دەتوانرێت ناوی لێ بنرێت "تیۆری هەڕەشەی چینی" ( Chinese Threat Theory). لەبەرئەوەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی چینی و توانای سەربازی و کاریگەری چین لەسەر پرسە ئەمنییەکان، وای کردووە چین وەک هەڕەشەیەکی ئایدیۆلۆژی، ئابووری و سەربازی لە لایەن تەواوی وڵاتانی جیهانەوە سەیر بکرێت. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت چەمکی هێزی تیژ وێناکردنێکی دروست بێت بۆ سیاسەتی دەرەوەی چین (Aras 2022, p627).

بەگشتی دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، کە هێزی تیژ وەک چەمکێکی ڕۆژئاوایی بەگشتی و ئەمریکی بەتایبەتی بۆ وێنا کردنی چالاکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی چین باس دەکرێت، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کۆماری چینی میللی لە ڕێگەی میکانیزمەکانی هێزی تیژەوە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی بە ئامانج گیراو دەکات، لە پێناو بە دیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی، لە چوارچێوەی سەپاندنی هەژموون و کاریگەریی خودی.

### ٢-٢ پیادەکردنی هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی چین:

تاوەکوو ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەک، چین ئامانجی ئەوەیە خەونی "بەئاگاهاتنەوەی گەورەی نەتەوەیی" بە دی بهێنێت، بە بەدەستهێنانی پێگەیەکی گەورە وەک زلهێزێکی جیهانی. بەو پێیەی ئامانجی هێزی تیژ بەهێزکردنی وێنەی وڵاتە بە شێوەیەکی کاریگەر لەنێو سیاسەت و میدیا و ناوەندە ئەکادیمییەکان، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە هێزی تیژی چین دوو خەسڵەتی هەیە، ئەوانیش: بڵاوبوونەوە لە هەموو شوێنێک، لەگەڵ خۆ سانسۆری (Taehwan 2018). وە بە ڕای نووسەری ئەمریکی بە ڕەگەز هیندی (مەندیپ سینگ/ Mandeep Singh)، هێزی تیژی کۆماری چینی میللی لە چوارچێوەی پراکتیزە و پیادەکردندا چەند بوار و تایبەتمەندییەکی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە (Singh 2018, p9):

یەکەم/ دەسەڵاتی سیاسی: دەتوانرێت نموونەی زۆر لە بارەی دەسەڵاتی سیاسی چینەوە ئاماژەی پێبکرێت، وەک ئامادەبوونی دیپلۆماسییەتی چین لە باشووری سوودانەوە تا کۆماری چیک، نکۆڵی لێناکرێت. (میلۆس زیمان/ Miloš Zeman) سەرۆککۆماری پێشووی چیک، بە توندی ڕەخنەی لە چین دەگرت، بەڵام دوای یەکەم سەردانی (شی جین پینگ) بۆ چیک وەک سەرۆککۆماری چین، میلۆس زیمان دیدگەی خۆی بۆ چین بە تەواوی گۆڕی، ئەم سەردانە لە ئەنجامدا هاوبەشییەکی ستراتیژی نێوان هەر دوو وڵاتی لێکەوتەوە، ئەمە بۆ زۆرێک لە وڵاتانی دیکەش ڕاستە.

دووەم/ کلتوور و زمان: حکوومەتی چین ئامانجی ئەوەیە کلتوور و زمانەکەی لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بڵاو بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس کە لە ساڵی ٢٠٠٤ـــــوە دەست بە دروست کردنیان کراوە، بە خێرایی لەســـەر ئاســـتی جیهانی بڵاوبوونەتەوە، کە ئامانجیان جێبەجێکردنی ســـیاســـەتی دەرەوەی کۆماری چینە. چین؛ بە بڵاوکردنەوەی زمان و کلتووری چینی لە زانکۆکانی جیهاندا پڕوپاگەندەی خۆی دەکات. بەم جۆرە پەیمانگاکانی کۆنفۆشـیۆس هەم زمان و کلتووری چینی لەو وڵاتانە بەرەو پێش دەبەن، هەمیش ژینگەیەکی خۆ سـانسـۆری لەسـەر پرسە گرنگەکان بۆ پەکین دروست دەکەن.

سـێیەم/ دەسـتکاریکردنی زانیاری و دەسـتخسـتنە ناو میدیا: لەم چوارچێوەیەدا، چین سـەرمایەگوزارییەکی بەرچاو لە ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و ئینتەرنێت لە ســـەرانســـەری جیهاندا دەکات. بەم ڕێگەیە چین هەوڵ دەدات لە ڕوانگەی خۆیەوە ســیاســـەتی ناوخۆیی و دەرەوەی خۆی بۆ جیهان ڕوون بکاتەوە. بۆ نموونە لە ڕێگەی تەلەفزیۆنی ناوەندی چین (CCTV)، ڕادیۆی نێودەوڵەتی چین (CRI)، ڕۆژنامەی دەیلی چین (China Daily) و ئاژانسـی هەواڵی شـینوا، بۆچوونە ئەرێنییەکانی چین بە زمانەکانی ئینگلیزی و چینی پەخش دەکەن لە ناوخۆ و دەرەوە (Cole 2018, p16).

چوارەم/ ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی: حکوومەتی چین ساڵانە زیاتر لە ٢٨٩ زانکۆی وڵاتەکەی سەرپشک دەکات کە فێرخوازی نێودەوڵەتی بانگهێشـــت بکەن بۆ تەواوکردنی پرۆگرامەکانی خوێندنی دکتۆرا، ماســـتەر، بەکالۆریۆس، ئامادەیی و هاوشـێوەکانی لە هەموو بوارەکاندا (Wso 2024, p133). چاودێرانی دۆخی چین پێیان وایە توێژینەوەی زانسـتی و ناوەندە ئەکادیمییەکان بۆ حکوومەتی چین گرنگییەکی زۆریان هەیە و ئەم پرســـە وەک بوارێکی هێزی تیژ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

پێنجەم/ ڕەوەندی چینی: بە ســـەدان هەزار فێرخوازی چینی کە لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن، لۆبییەکی گەورەیان بۆ حکوومەتی چینی پێکهێناوە، لەم چوارچێوەیەشـــدا، "کۆمەڵەی فێرخوازان و زانایانی چینی" کە لەم بوارەدا چالاکانە کاردەکەن، یارمەتی فێرخوازانی چین لە دەرەوەی وڵات دەدەن. بەو پێیەی ڕەوەندی چینی نیشاندەرێکی گرنگی هێزی تیژە لە دەرەوەی وڵات، چین ســەرنجی خۆی خســتۆتە ســەر ڕەوەندێکی بەهێز کە نزیکەی ٦٠ ملیۆن کەســی تێدایە. ســـەرەڕای ئەوەش، دەتوانرێت ســـەرچاوەکانی هێزی نەرمی کلاســـیکی لەگەڵ ئامانجی هێزی تیژ بەکاربهێنرێت (Taehwan 2018).

شـــەشـــەم: هاندان: هاندان یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی هێزی تیژی چین، لەم چوارچێوەیەشـدا حکوومەتی چینی میللی چەندین ســـەنتەری توێژینەوە و پەیمانگای ئەکادیمی هاوبەشـــی لەگەڵ وڵاتانی جیهان کردۆتەوە، کە کاردەکەن بۆ هاندانی هاوکاری ئەکادیمی و ئاڵوگۆڕی ڕۆشـــنبیری و دروســـت کردنی پردی پەیوەندیی لەگەڵ ئەوانی تر، ئامانجی چینیەکان لەم کارە ناسینی وڵاتانی دیکەیە بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی هێزی تیژی وڵاتەکەیان. بەم جۆرە دیارترین و گرنگترین ئەو ناوەند و پەیمانگایانەش، ئەمانەن (النصار ٢٠٢٠، ص٤٨):

-ســـەنتەری لێکۆڵینەوەیی ڕۆژئاوای ئاسـیا و ئەفریقا: ئەم ســـەنتەرە ســـەربە دامەزراوەی شـــەنگەهایە بۆ پرســـە نێودەوڵەتییەکان، سەنتەری ناوبراو بە شـێوەیەکی سەرەکی سەرنج دەخاتە سەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسـایشـی وزە، جیۆپۆلەتیک، کلتووری ئیسـلامی، پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و ئەفریقا، ئەم سەنتەرە ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕێت لە دابین کردنی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی وەرزی بۆ دەزگا و سەرکردەکانی چین.

-پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ئەم پەیمانگایە لە سـاڵی ١٩٦٥ـــــوە دامەزراوە و، یەکێکە لە ناوەندە گرنگە نێودەوڵەتییەکانی توێژینەوە، لە لایەن ئەنجوومەنی دەوڵەتی چین ســـەرپەرشـــتی دەکرێت، توێژینەوەکانی لە بارەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شارستانییەتی ئیسلامی و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام دەدات. ئەم پەیمانگایە هەوڵدەدات بۆشایی لە جێبەجێکردنی بنەما تیژەکانی هێزی چیندا بدۆزێتەوە.

-سـەنتەری توێژینەوەی گەشـەپێدانی ئاسـیا و ئەفریقا: ئەم ناوەندە سـەر بە وەزارەتی بازرگانی چینە، کار لەسـەر لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی ئابووری و بازرگانی لە ناوچەکانی ئاســـیا و ئەفریقا دەکات، بە ئامانجی پێشـــکەش کردنی ڕاپۆرت بۆ بڕیاردەرانی سیاسی چین، ئەم سەنتەرە پێشنیاز بۆ دامەزراوە چینییەکان دەکات سەبارەت بە بارودۆخی بازاڕەکانی ئاسـیا و ئەفریقا، لەگەڵ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسـەر پرسە نێودەوڵەتییە گرنگەکانی پەیوەسـت بە ناوچە ئاسیاییەکان.

-ناوەندی لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان چین و وڵاتانی عەرەبی: لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٤، (هو جینتاو/ Hu Jintao)، سەرۆکی پێشووی چین، سەردانی ئەمینداریەتی گشتی کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە کرد، دوای کۆبوونەوە لەگەڵیان، دامەزراندنی کۆربەندی هاوکاری چین و عەرەب ڕاگەیەنرا، ئەم ناوەندە لە ئێستادا گرنگترین ناوەندی توێژینەوەی چینە لەمەڕ جێبەجێکردنی بنەماکانی هێزی تیژی ئەو وڵاتە لەنێو وڵاتە عەرەبییەکان.

-سەنتەری لێکۆڵینەوەی چین و ئاسیا: لە ساڵی ٢٠٠٩ـــەوە دامەزراوە، ئامانجی باشتر ناساندنی چالاکی و کاروباری چینە، کە ڕۆڵێکی گەشەسەندوو لە کاروبارە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهاندا دەگێڕێت، هەروەها ڕۆشنایی دەخاتە سەر چالاکییە جۆراوجۆرەکانی کیشوەری ئاسیا کە گەورەترین کیشوەری جیهانە، چین وا بیر دەکاتەوە کە کیشوەری ئاسیا شایستەی دیاری کردنی داهاتووی هەموو مرۆڤایەتییە.

بەگشتی دەکرێت بڵێین، هەژموونی سیاسی، کلتوور و زمان، دەستکاریکردنی زانیاری و دەستخستنە ناو میدیا، ناوەند و ئاڵوگۆڕە ئەکادیمییەکان، لەگەڵ ڕەوەندی چینی و هاندان. لە گرنگترین و دیارترین بوارەکانی پیادەکردنی هێزی تیژن لە کۆماری چینی میللیدا.

## ٣-٢ ڕۆڵی هێزی تیژی چین لە پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ:

یەکێک لە ستراتیژیە گرنگەکانی کۆماری چین لە رووی بازرگانی و ئابوورییەوە، پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێیە. لە ساڵی 2013 سەرۆکی چین (شی جین پینگ) ئەم پرۆژەیەی ڕاگەیاند، پاشان بە (دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگە/ BRI) ناسرا، لەم ڕێگەیەوە چین هەوڵ دەدات، ئابووری خۆی بە ئابووری جیهان ببەستێتەوە و، ببێتە ناوەندی سەنگی ئابووری و سیاسی لە جیهاندا. ڕێگای ئاوریشمی نوێ کۆمەڵە ڕێڕەوێکی وەک: ڕێڕەوی وشکانی، ڕێڕەوی دەریایی، ڕێڕەوی وزە، ڕێڕەوی ژمارەیی و ڕێڕەوی تەندروستی لەخۆ دەگرێت. بەهۆی گرنگی و فراوانی پرۆژەکە، بە ڕێڕەوی ئابووریی گشتگیر دەناسرێت، وڵاتانی بەشداربوو وابەستەی یەک ڕێگەی بازرگانی، پیشەسازی و وەبەرهێنان دەبن (عثمان ٢٠٢٣، لVII).

لە پاڵ لایەنە باشەکانی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، لایەنی نەرێنی و جێ مشتومریشی هەیە. گرنگترین بنەمای هێزی تیژی چین لەم پرۆژەیە، نەبوونی بێ گرێوگۆڵی (شەفافیەت)ــە لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکان، هەندێک ڕاپۆرت بوونی گەندەڵی، نەبوونی شەفافیەت، شاردنەوەی داتا و زانیاری لە بەشی دارایی و لیستی پرۆژەکان و، نادڵنیایی و گومانەکان لەسەر بەرەوپێشچوونی ئەم پرۆژەیە چەند بارە دەکەنەوە. بۆ نموونە (بانکی گەشەپێدانی چینی/ CDB) و (بانکی هەناردە و هاوردەی چینی/ Exim Bank of China)، زیاد لە دوو هێندەی قەبارەی دارایی خۆیان یارمەتییان بە وڵاتانی بەشداری ئەم پرۆژەیە داوە. وە زۆرترینی ئەو پرۆژانەش کە پێشینەیان وەرگرتووە، دوای هەڵبژاردنی بەڵێندەرەکان مەرجەکانی پێدانی پێشینە بڵاو کراوەتەوە. ئەمەش پێچەوانەی بانکە ڕۆژئاواییەکانە، کە مەرجی قورسی وەک سەروەری یاسا، دادگای بێلایەن و شەفافیەت بۆ داواکارانی پێشینە بڵاودەکەنەوە. پەکین بێ سەپاندنی مەرجی قورس لەگەڵ هاوبەشەکانی بەو شێوەیەی کە هەن کار دەکات (Gallagher 2018). لە ئەنجامدا پەکین بەراورد بە ڕۆژئاواییەکان، لە هەر لایەک بیەوێت، وەبەرهێنان دەکات. بەمەش هەلی زیاتر و بەربەستی کەمتر لە پرۆژەکانی چین دەبینرێت، بەتایبەت لە ناوچەکانی وەک ئاسیای ناوەڕاست، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کیشوەری ئەفریقا و ئەمریکای لاتین.

هەرچەندە پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ لە لایەن حکوومەتی چین و خودی (شی جین پینگ)ەوە دیزاین کراوە، بەڵام ئەوانەی ئەم پرۆژە گەورەیە ئەنجام دەدەن سەرکردە باڵاکانی پارتی کۆمۆنیستی چینن. ئەوان خاوەنی پەیوەندی ناوخۆیی قووڵن و، شارەزایی تەکنیکی زیاتریان هەیە و ستافی زۆرتریان لە بەردەستە لە وڵاتانی وەرگردا. بۆ نموونە ئەگەر باڵیۆزخانەی چینیش لەو وڵاتانە فەرمانیان پێ بکات کارێک نەکەن، ئەوا هەر پێشنیازەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن و خواستی خۆیان هەر بەدی دەهێنن (Jonathan 2020, p211). لە ڕاستیدا ئەوان چالاکانە لەنێو وەزارەتەکانی چین وەبەرهێنان دەکەن، وەک وەزارەتەکانی بازرگانی، کاروباری دەرەوە و دارایی، کە بەرپرسیاریتی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەیان لە ئەستۆدایە. بۆیە بۆ باشترکردنی هەماهەنگی نێوان وەزارەتەکان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و کۆمپانیاکان، حیزبی شیوعی چین لە ساڵی ٢٠١٨، گرووپی (ئاژانسی هاوکاریی نێودەوڵەتی گەشەپێدانی چین/ CIDCA) دامەزراند (Wso 2024, p142). پارتی کۆمۆنیستی چین دەیەوێت بەم ڕێگەیە تەواوی داتا و زانیارییەکان لەبارەی پرۆژەکان بە شاراوەیی و نهێنی بهێڵێتەوە.

گرنگتر لەمانە، نەبوونی شەفافیەتە لە میکانیزمی چۆنیەتی گێڕانەوەی قەرزە قورسەکانی وڵاتانی سەر ڕێگەی ئاوریشمی نوێ بۆ چین، ئەمەش بووەتە سەرەتایەک بۆ دروستبوونی "دیپلۆماسیەتی تەڵەی قەرزی چین" ( Chinese Debt-Trap Diplomacy)(*). لە ڕاستیدا قورسترین بنەمای هێزی تیژی چین ئەوەیە کە وڵاتانی سەر ڕێگای ئاوریشمی نوێی تووشی قەرز کردووە. بەم شێوەیە ئەوان گرێ دەدات بە خاوەن قەرزە چینییەکانەوە، هەروەها ئامانجە شاراوەکانی چین لەم ڕێگەوە بەشێوەی تایبەت و سەرنج ڕاکێش بەدیدەهێندرێن.

ئەم جۆرە دیپلۆماسییەتە ئاماژەیە بۆ بارودۆخێک، کە تێیدا وڵاتە پێشینە وەرگرەکان لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەکوو چین، توانای گەڕاندنەوەی قەرزە درێژخایەنەکانیان نییە، بۆیە لە بەرامبەردا ناچار دەبن بەشێک لە وڵاتەکەیان ببەخشن، یان بفرۆشن، وە یاخود بەکرێی بدەن بە قەرزدەرەکان، ئەنجامەکەشی نەمان یان لانی کەم لاوازکردنی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەیە. وڵاتانی وەکوو ماڵدیڤ، پاکستان و مالیزیا چالاکییەکانیان لەم پرۆژەیەدا سنووردار کردووە، دوای ئەوەی حکوومەتی سریلانکا نەیتوانی ئەو قەرزانە بداتەوە کە چین لە چوارچێوەی پرۆژەی یەک پشتێن و یەک ڕێگادا پێی دابوو. لە ئەنجامدا سریلانکا یەکێک لە بەندەرەکانی خۆی بە چین بەخشی، ئەمەش ڕێگەی بە هێزی تیژی چین دا زیاتر بدرەوشێتەوە. بە واتایەکی تر ئەم نموونەیەی دیپلۆماسی، کە چین لە چوارچێوەی هێزی تیژدا پەیڕەوی لێ دەکات، سریلانکای توشی داڕووخان کرد، کاتێک حکوومەتی سریلانکا ناچار بوون بەندەری هامبانتۆتا بگوازنەوە بۆ کۆمپانیای بازرگانانی چینی کە سەر بە دەوڵەتی چینە بەپێی گرێبەستێکی کرێی ۹۹ ساڵە (Parker & Chefitz 2018).

وڵاتێکی دیکەی تێوەگلاو لەو پەلکێشانە ئابوورییەی چین بەسەر وڵاتانی دیکەیدا دەهێنێت، "کۆماری تاجیکستان"ە. ئەو دەوڵەتەی کەوتووەتە ژێر هەڵچوونی گرێکانی قەرزەکانی چینەوە. تاجیکستان تا 2006 لە قەرزکردن لە پەکین بەردەوام بوو، کەڵەکەبوونی قەرزەکانی سەری، لەم کۆتاییانەدا دەوڵەتەکەی ناچارکرد ڕووبەری 1158 کیلۆمەتر لە خاکەکەی بداتە چین لە چیاکانی پامیر. دوای ئەوە، کۆمپانیا چینییەکان مافەکانی هەڵکۆڵین بەدوای زێڕ و کانزاکانی دیکەیان لە ناوچەکە بەدەستهێنا (Eminoğlu & Wso 2023). هەروەها "کۆماری دیموکراتیی گەلی لاوس" لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بووەتە نوێترین قوربانی دەستی پلانە ئابوورییەکانی چین، لە کاتێکدا ئەو وڵاتە یەکێکە لە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان بە سەرچاوە سرووشتییەکان، حکوومەتی وڵاتەکە تێدەکۆشێت بۆ خۆپاراستن لە دواکەوتن لە دانەوەی قەرزەکانی سەری کە چین پێی داوە. لاوس، بەشی گەورەی کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی سەر تۆڕی وزەی کارەبای نیشتمانی خۆی داوە بە کۆمپانیای "تۆڕی کارەبای باشووری چین" کە کۆمپانیایەکی سەر بەدامەزراوەی موڵکداری پرۆژەکانی حکوومەتی چینە (libd). بەم جۆرە دەبینین، دیپلۆماسیەتی تەڵەی قەرز، دەکرێت بە گرنگترین بنەمای هێزی تیژی چین لە پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ هەژمار بکرێت.

لە لایەکی دیکەوە، (سەنتەری ئاسایشی نوێی ئەمریکی/ CNAS)، لە توێژینەوەیەکییدا هەڵسەنگاندنی بۆ پرۆژەی پشتێنە و ڕێگە _یەک ڕێگا، یەک پشتێن_ کردووە، تێیدا تیشکی خستووەتە سەر بنەماکانی هێزی تیژی چین لەم پرۆژەیەدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە (New CNAS Report 2022):

1-لاوازبوون و داخورانی سەروەری دەوڵەتان: پەکین توانیویەتی لە ڕێگەی گرێبەستی درێژخایەنەوە، پرۆژەکانی ژێرخانی ئەو وڵاتانەی کە بەشدارن لە پرۆژەی پشتێنە و ڕێگە کۆنترۆڵ بکات، بە ئەمەش کۆنترۆڵی دەوڵەتی بە ئامانج گیراو بەسەر ئەم پرۆژانەدا ناهێڵێت.

2-نەبوونی شەفافیەت: پرۆسەی پێشنیاز و تەندەر بۆ زۆرێک لە پرۆژەکان شەفاف نییە و، پەکین ڕێگری دەکات گرێبەست و مەرجە داراییەکان بچنە ژێر لێکۆڵینەوەی گشتی.

3-بارگرانی دارایی بەرگە نەگیراو: زیادبوونی قەرزدانی حکوومەتی چین بۆ هەندێک وڵات، بووەتە هۆی مەترسیی لە نەدانەوەی قەرزەکان، لەکاتێکدا هەندێک پرۆژەی تەواوکراو قازانجێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە کە بتوانن تێچوونەکان دابین بکەن.

---

(*) ئەم چەمکی "دیپلۆماسیەتی تەڵەی قەرز" بۆ یەکەم جار لە لایەن ئەکادیمیستی هیندی (براهما چێلانی/ Brahma Chellaney)، لە ساڵی 2017، بۆ گوزارشت کردن لە قەرزە زۆر و زەوەندەکانی چین لەسەر وڵاتانی هەژار کە لەبەر زۆری قەرزەکان، وڵاتانی قەرزدار ناچار بە وازهێنان لە خاک و سەرمایە ستراتیژییەکانیان بۆ چین دەکات، بەکارهێنراوە. هەر بۆیە دیپلۆماسییەتی تەڵەی قەرز، یەکێکە لە چەمکە بەکارهاتووەکانی نووسینی بواری سیاسەت و ئابووری و بازرگانی، کە تیۆرییەکە مەبەست لێی باس کردنی بار قورسکردنی دەوڵەتێکە لە لایەن دەوڵەتێک، یان دامەزراوەیەکی دارایی دیکە، بە ئامانجی زیادکردنی هەژموون و باڵادەستی زیاتر بەسەریدا (فەرەج ۲۰۲۲).

4-دابڕان لە پێداویســـتییە ئابوورییە ناوخۆییەکان: پەکین لە پرۆژەکانی پشـــتێن و ڕێگا، ڕێگری دەکات شـــارەزایی کرێکارە چینییەکان بۆ کرێکارانی نـاوخۆیی بگوازرێتەوە. ئەمە ســـەرباری ئەوەی ڕێکخســـتنی نادادپەروەرانەی دابەشکردنی قازانج لەنێوان وەبەرهێنەرە چینی و ناوخۆییەکاندا بوونی هەیە.

5-مەترسییە جیۆپۆلەتیکییەکان: هەندێک پرۆژەی گرنگی ژێرخانی ولاتان، کە لە لایەن چینەوە پارەدار دەکرێن، یاخود بەڕێوەدەبرێن، مەترسی ئەوەیان هەیە ولاتەکە بخەنە نێو کێبڕکێیەکی ستراتیژی لەنێوان پەکین و زلهێزەکانی دیکەدا.

6-کاریگەرییە نەرێنییەکانی ژینگە: هەندێک لە پرۆژەکانی پشتێن و ڕێگا بەبێ هەڵسەنگاندنی ژینگەیی گونجاو دەستیان پێکردووە، هەندێک پرۆژەش زیانێکی زۆریان بە ژینگە گەیاندووە.

7-ئەگەری بەرزی گەندەڵی: لەو ولاتانەی کە ڕێژەی گەندەڵی تێیاندا بەرزە، پرۆژەکانی پشـتێن و ڕێگا بریتی بوون لە پێدانی پاداشـت بە سـیاسـەتمەداران و بەرپرسـانی حکوومەت. بەمەش پەکین لە ڕێگەی پرۆژەکانی یەک پشـتێن یەک ڕێگا سەرکەوتووبووە لە پێدانی پاداشت بە سیاسەتمەداران و بەرپرسانی حکوومەتی بەرامبەر.

بەگشتی دەکرێت بڵێین، لە چوارچێوەی بنەماکانی هێزی تیژ، ئەو تێڕوانینە هەڵەیە کە پێی وایە پرۆژەی پشتێنە و ڕێگە تەنیا پرۆژەیەکی بازرگانی و ئابوورییە. بەڵکوو پرۆژەیەکی جیۆپۆلەتیکی و جیۆســـتراتیژییە بۆ خســـتنی ڕکابەرەکانی چین. لەم گۆشـــە نیگایەوە پرۆژەی ئاوریشـــمی نوێ، تەنیا پێرســـتێک لە پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری نییە، بەڵکوو پرۆژەی پەکینە بۆ زاڵبوون بەســـەر ئۆراســـیا و زەریای هیندی و لەوێشـــەوە بۆ هەموو جیهان. بەم شـــێوەیە ڕێگای ئاوریشـــمی نوێ نمایشـــی هێزی تیژی کۆماری چینە لە دەرەوەی ســـنوورەکانی، بە ئامانجی گەیشـــتن بە هەژموونی مێژوویی خۆی لەسەر ولاتانی دونیا.

## ٤-٢ بەکارهێنانەکانی هێزی تیژ لە بواری کلتووری و پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس:

چین لە دوای ساڵی ١٩٧٨ـــەوە هەوڵی ئەوە دەدات وەبەرهێنەرە دەرەکییەکان بۆ ناوخۆی ولات ڕابکێشێت لە ڕێگەی ئەو چاکسازییە ئابوورییانەی کە لەژێر ڕۆشنایی سیاسەتی کرانەوەی خۆیدا جێبەجێی کردووە. بەڵام حکوومەتی چین پێی وایە نەبوونی شـارەزایی لە زمان و تێگەیشـتن لە کلتووری چینی لە لایەن بیانییەکانەوە بەربەسـتێکی جددیە لە بەردەم وەبەرهێنانی بیانی لە ولاتەکەیان. بۆیە حکوومەتی چین بە گرتنەبەری هەنگاو لەم بوارەدا، لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە دەســـتی کرد بە ناردنی مامۆســـتایانی زمانی چینی بۆ ولاتانی دەرەوە. پاشـــان ناوەندی ئاڵوگۆڕ و هاوکاری زمانی چینی- بیانی، کە بە (هانبان/ Hanban) ناسـراوە دامەزراند، بۆ بەڕێوەبردن و پشـتگیری کردنی بەرنامەکانی زمانی چینی لە دەرەوەی ولات. کە لەژێر چەتری وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی کۆماری گەلی چین، ئەرکی دابین کردنی سـەرچاوە و خزمەتگوزارییەکانی فێرکردنی زمان و کلتووری چینی لە سـەرانسـەری جیهاندا پێ سـپێردراوە ( Pan (2013, p25

هانبان ڕاســـتەوخۆ ڕاپۆرت دەداتە وەزارەتی پەروەردە و، ڕاوێژیش لە وەزارەتی دەرەوە وەردەگرێت. ئەندامانی بەشـدار لە ئیدارەکەی پێکهاتوون لە نوێنەری ١٢ وەزارەت و کۆمیسـیۆن، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە گەشـە و پەرەپێدانی سیاسەتی دەرەوەی چین دەگێڕن. لە چوارچێوەی پرۆژە پێشنیازکراوەکانی ناوەندی هانبان، لە کۆتایی سەدەی بیست، ئەنجوومەنی هانبان دەسـتپێشـخەری پرۆژەی پەیمانگای کۆنفۆشـیۆسـی ڕاگەیاند، کە سـەرچاوە و خزمەتگوزاری بۆ فێرکردنی زمان و کلتووری چینی بۆ هەموو ولاتێکی جیهان دابین دەکات (Wso 2024, p148). هانبان؛ دەیەوێت لە دەرەوەی ولات بەشـــداری بکات لە بنیاتنـانی جیهـانێکی هـاوســـەنگ کە تێیدا ڕۆڵی چین لە ڕێگەی دامەزراوە کۆنفۆشیۆسەکانەوە دیار و بەرچاو بێت.

بە پشـتبەسـتن بە ئەزموونەکانی ئەنجوومەنی بەریتانیا، هاوپەیمانی فەرەنسـی، پەیمانگای سـێرڤانتێسـی ئیسـپانی و پەیمانگای گۆتێی ئەڵمانی، ئەنجوومەنی هانبان ئامانجی دامەزراندنی زنجیرەیەک پەیمانگای تایبەت بە خۆیەتی بۆ بەرەوپێشـــبردنی زمـان و کلتووری چینی لەســـەر ئـاســـتی نێودەوڵەتی. لەم چوارچێوەیەدا داوای دامەزراندنی پەیمانگایەکی تاقیکاری کۆنفۆشـیۆسـی کرد لە تاشکەندی پایەختی ئۆزبەکستان لە حوزەیرانی ٢٠٠٤، دواتر یەکەمین پەیمانگای کۆنفۆشـیۆس لە سـیئۆلی پایتەختی ولاتی کۆریای باشـــوور لە ٢١ی تشـرینی دووەمی ٢٠٠٤ کرایەوە (Becard & Filho 2019).

لە ڕووکەشدا، پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس دامەزراوەی پەروەردەیی قازانج نەویستن. بەڵام لە ڕێگەی پێشکەش کردنی هاوکاری بۆ ناوەندەکانی خوێندن، توانیویانە سەرنجی فێرخوازانی گەنج ڕابکێشن. هەروەها ئەم پەیمانگایانە لێهاتوانە دەتوانن خوێندنی زمانی چینی لە مەنهەجی قوتابخانەکاندا جێگیر بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ قورساییەک بکەویتە سەر وڵاتی بەرامبەر. پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس مۆدێلێکی جیاوازتر لە مۆدیلی دامەزراوە بەریتانی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیسپانییەکان پێشکەش دەکات. بە جۆرێک پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس کۆرسی زمانی چینی پێشکەش بە زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو فێرخواز لە سەرانسەری جیهاندا دەکات. لە کاتێکدا دامەزراوە هاوشێوەکانی دەوڵەتانی دیکە ناگات بەم ڕێژەیە. بە گشتی، ئەنجوومەنی هانبان ئەرکەکانی پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس دیاری کردووە، وەکوو ( Wso 2024, p148-149):

1-دانانی پلانی خوێندن و گەشەپێدان، لەگەڵ دامەزراندنی پەیمانگای تری کۆنفۆشیۆسی.
2-پەسەندکردنی پێشنیازی ساڵانەی پرۆژە، بودجە و بەیاننامە داراییەکانی پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس.
3-ڕێنمایی و هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی وانەوتنەوە لە پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس و پشکنینی کوالێتی کارەکانیان.
4-دابین کردنی سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکانی فێرکردن بۆ پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس لە سەرانسەری جیهاندا.
5-هەڵبژاردنی بەڕێوەبەر، وانەبێژ و ڕاهێنەری چینی بۆ پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس.
6-پێشکەش کردنی بەرنامەی ڕاهێنان بۆ تیمەکانی بەڕێوەبردن و مامۆستایانی پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس.
7-ڕێکخستنی کۆنفرانسی ساڵانەی پەیمانگای کۆنفۆشیۆس.

بەپێی ئامارەکانی دامەزراوەی کۆنفۆشیۆس، تاکوو شوباتی ٢٠٢٠، ٥٤١ پەیمانگای کۆنفۆشیۆس لە ١٥٤ وڵات و ناوچەی جیهان دروست کراون، کە یارمەتی زیاتر لە ٧ ملیۆن کەس دەدەن خۆیان فێری زمانی چینی بکەن. لە ساڵی ٢٠٢٠ـەوە ساڵانە زیاتر لە ٥٠٠ هەزار گەنج لە وڵاتانی جیهانەوە بەشداری لە "پێشبڕکێی پردی چین"[8]ی دەکەن. بۆیە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆسی بە شێوەیەکی زۆر خێرا لەسەر ئاستی جیهانی گەشەیان کردووە، تێیاندا ٢ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس فێری زمانی چینی بوون، هەروەها ٢٢٠ هەزار بۆنەی کلتووری چینی لەسەر ئاستی دونیا بەڕێوەچوون (Hang & Qing, 2017).

هەر بۆیە (لی چانگچۆن/ Li Changchun)، ئەندامی پێشووی لیژنەی باڵای هەمیشەیی نووسینگەی سیاسی حیزبی شیوعی چین، پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆسی بە توخمێکی گەورە لە پلانی سیاسەتی دەرەوە بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی نێودەوڵەتی چین وەسف دەکات (Wso 2024, p149). هەر ئەمەش وای کردووە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە نەرێنی بیر لە پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس بکەنەوە و، ئەم پەیمانگایانە بە ڕێکخراوێکی پاڵپشتیکاریی حکوومەت کە ئایدیۆلۆژیا بڵاودەکاتەوە لێکبدەنەوە. بەشێک لە وڵاتان زانکۆکانیان تۆمەتبار کردووە بەوەی کە سازش لەسەر ئازادییە ئەکادیمییەکانیان دەکەن و، کۆنترۆڵی بابەتەکانی خوێندنیان بۆ دەزگایەکی حکوومەتی چین گواستووەتەوە. لە دەرەنجامدا پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس ڕووبەڕووی هەندێک کێشە بوونەوە، بۆ نموونە هەندێک زانکۆ لە ئەمریکا، وەک زانکۆی تێکساس بڕیاریاندا پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس دابخەن، پاشان هەندێک زانکۆی دیکە لە دانیمارک، هۆڵەندا، بەلجیکا و فەرەنسا هەمان کاریان کرد (Ibid, p150).

بە بڕوای توێژەری ئەمریکی (ڕای دالیۆ/ Ray Dalio)، شێوازی بیرکردنەوەی پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی چین هەیە. واتە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چین دەیەوێت بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرکردایەتی جیهان بکات، بەڵام بەبێ بەکارهێنانی هێز بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ (ساڵح ٢٠٢٤، ل٩٨). لەمەوە ئەو نیازەی چینمان بۆ دەردەکەوێت کە دەیەوێت ببێت بە جێگرەوەی ئەمریکا لە سەرکردایەتی ڕێبازێکی نوێ لە جیهاندا کە تا ئێستا بە ڕوونی پێشانیان نەداوە کە چۆن ڕێبازێکە، بەڵام ئەوەی دیارە تاکوو ئێستا ئەوەیە کە دەیانەوێت لە ڕێگەی ئابووری و کاریگەری کلتوورییەوە ئەم هەنگاوە بنێن و تا ئێستا ڕوون نییە کە تا چەند دەتوانن لەسەر ئەم ڕیتمە بەردەوام بن. بەڵام دەتوانرێت بوترێت کە تەنیا لەسەر کات کەوتووە بۆ ئەوەی چینیش هاوشێوەی ئەمریکا

---

([8]) پێشبڕکێی پردی چین؛ پێشبڕکێیەکی نێودەوڵەتییە کە ساڵی جارێک لەنێوان قوتابیان و خوێندکارانی دەرەکی زمانی چینی لە ئاستی نەتەوەییدا ئەنجام دەدرێت و، براوەی هەر وڵاتێک دەنێردرێت بۆ ئەو پێشبڕکێ نێودەوڵەتییەی کە لە پایەتەختی چین ساز دەکرێت. بەشداربووان لە سەر بنەمای توانای دەربڕین لە زمانی ماندارین و ئاستی لێهاتوویی لە کلتووری چینیدا پلەبەندی دەکرێن (توێژەران).

دەست بکات بە بەکارهێنانی هێز بۆ بەهێزکردن و دەستگرتن بە ئامادەیی خۆی لە جیهاندا، لەم ڕێگەیەشەوە بتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت. تیۆەگلانی چین لەوەی کە ببێت بە هێزیکی کاریگەر لە جیهاندا تا سەر بە شێوەی ئاشتییانە ناچێتە سەر، چونکە تەنانەت ئەگەر چین خۆیشی نیەتی نەبێت لە بەکارهێنانی هێز، ئەوا نیەتی شەڕانگێزیی نەیارەکانی ناچاری دەکەن کە دواجار هێز بەکار بێنێت.
بەگشتی دەکرێت بڵێین، ئەوەی لە واقیعدا دەبینرێت ئەوەیە، چین لە ڕێگەی پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆسەوە بە سەرپەرشتی ئەنجومونی هانبان هێزی تیژ هەناردەی جیهان دەکات. چونکە نە ئەنجوومەنی هانبان و نە پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس سەربەخۆ نیین، بەڵکوو پارتی کۆمۆنیستی چین دەسەلاتێکی ڕەهای بەسەر ئەودامەزراوانەدا هەیە. ئەمەش نیگەرانی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە پەیمانگاکان، ئامرازی گرنگی کۆماری چینی میللییە و بەشدارییەکی جددی لە هێزی تیژی ئەو وڵاتەدا دەکات.

## ٣- هێزی تیژ لە پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری چینی میللی و کۆماری عێراقی فیدراڵ:

مێژووی ئاشنایەتی عێراق و چین دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، کە بەغدا پایتەختی خەلافەتی عەباسییەکان و سەنتەری جیهانی ئیسلامی بوو، لەو کاتەدا عێراق دەکەوتە سەر هێڵی باشووری ڕێگای ئاوریشم، کە لە تورکستان و خوراسانەوە تا سەر دەریای سپی ناوەڕاست درێژ دەبوویەوە. لە مێژوویی نوێشدا پەیوەندییەکانی هەر دوو وڵات ناوبەناو گرێ دراونەتەوە، بەتایبەت پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق و دواتریش کەوتنی ڕژێمی پێشوو لە نیسانی ٢٠٠٣. بۆیە ئەم باسە هەوڵ دەدات هەڵوێستە لەسەر هێزی تیژ لە پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری چینی میللی و کۆماری عێراقی فیدراڵ بکات. بە جۆرێک لە داواکراوی یەکەمدا، قسە لەسەر دیدگەی هێزی تیژی چین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین. لە داواکراوەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمیشدا، تیشک دەخەینە سەر پەیوەندییە سیاسی، بازرگانی و ئابووری، کلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کۆماری چین و کۆماری عێراق.

### ٣-١ دیدگەی هێزی تیژی چین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

نووسەری ئیسرائیلی (یتساق شوکور/ Yitzhak Shichor)، سیاسەتی کۆماری چین بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دوو قۆناغ دابەش دەکات، ئەوانیش: قۆناغی ماو تسی تۆنگ و قۆناغی پاش ماو تسی تۆنگ. قۆناغی پاش ماویش دەبێت بە دوو بەشەوە، پێش نەوەدەکان و پاش نەوەدەکان. دەتوانین قۆناغی پاش ماو تا نەوەدەکان بە سەردەمی گواستنەوە پۆلێن بکەین، لەو سەردەمەدا چین لە ناوەوە بەهێز بوو، وە تا دەهات زیاتر پێویستی بە دەرەوە دەبوو بۆ درێژەدان بە گەشەی ناوەوە. پاش نەوەدەکان دەتوانیین بە سەردەمی نەوت ناوی بنێین، ئەو سەردەمەی کە چین دەبێتە یەکێک لە بەکاربەرە هەرە سەرەکییەکانی نەوتی ناوچەکە، لە دوای دوو هەزارەکانیشەوە قۆناغێکی نوێ دێت کە تێکەڵەیە لە پەیوەندی سیاسی، ئابووری، ئاسایش، جیوپۆلەتیک، تەکنۆلۆژیا و دیپلۆماسی (Wso 2024, p169).
بۆیە دەکرێت لە چوارچێوەی چەمکی هێزی تیژدا، گرنگترین پرەنسیپ و بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری چینی میللی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە، وەکوو (عەزیز ٢٠٢١، ل٩٠-٩٢):
1-چین؛ دەیەوێت بگات بە ڕۆژئاوا، وەک چۆن کاتێک ڕۆژئاواییەکان ویستیان بگەنە ڕۆژهەڵات، بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێپەڕین، بە هەمان شێوە چین کە دەیەوێت بگات بە ڕۆژئاوا، ئەوا ناچارە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێپەڕێت.
2-چین؛ چاوی لە سامانی سرووشتی وڵاتانی ناوچەکەیە، لە ئێستادا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە نزیکەیی (٦٠٪) پێداویستی وزەی چین پڕ دەکاتەوە. هەر ئەمەشە وای کردووە ڕۆژهەڵاتی ناوین تەنیا ناوچە بێت بگاتە پلەی گرنگی پێدان، لە خانەی ئاسایشی نیشتمانی چیندا.
3-کۆماری چینی میللی دەیەوێت وڵاتانی ناوچەکە ببنە جێگای ساغکردنەوەی شمەک و کاڵای چینی و، لە بوارەکانی تری وەک ژێرخان و خانووبەرە و ئاوەدانکردنەوەدا وەبەرهێنان بکەن. وە لە لایەکی دیکەوە هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا لە بواری کاڵادا نەبێت، بەڵکوو لە ڕووی دەزگا و کلتوور و ئاگاییەوە پەیوەندی دروست بێت.

4-چیـــن؛ پێویستی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە نەک تەنیا وەک لایەنێکی بازرگانی، بەڵکوو پێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەرە لەسەر ئاسایشی ناوخۆی چین لە ڕووی گەشەی ئابووری، سەرچاوەی وزە و شەرعیەتی سیستەم، چونکە بنەمای سەرەکی ڕەوایەتی سیستەمی چینی لە گەشەی ئابوورییەوە دێت نەک لە بوارەکانی ترەوە.

5-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بە هەبوونی چەند ڕێڕەوێکی ئاویی گرنگ ناســـراوە، کە کاریگەری زۆریان لەســـەر گواســتنەوەی دەریایی هەیە، بەتایبەت کەناڵی ســوێس، گەرووی باب مەندەب و گەرووی هورمز، لەســەر ئەم بنەمایە چین دەرکی بە دەستبەر کردنی ئەو ڕێڕەوانە کردووە بۆ گەشتن بە بازاڕەکانی جیهان (باکیر 2016، ص104).

لە لایەکی دیکەوە دەکرێت بڵێین، پیادەکردنی هێزی تیژی کۆماری چینی میللی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشت بە سێ ئامراز و میکانیزمی ســـەرەکی دەبەســـتێت، کە بریتین لە: میکانیزمی ســـیاســـی و دیپلۆماســـی، میکانیزمی ئابووری و بازرگانی، میکانیزمی ڕاگەیاندن و کلتووری.

یەکەم/ میکانیزمی سیاسی و دیپلۆماسی: سەرەڕای نوێی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی چین لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، بەڵام ئەو وڵاتە کۆمەڵێک هەنگاوی گەورەی بە ئاراســـتەی کارابوونی پەیوەندی ســـیاســـی و دیپلۆماســـی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت داوە، لە ڕێگەی سێ بواری سەرەکی، وەکوو:

أ-داهێنانی میکانیزمی ڕاوێژکاری سیاسی: چین؛ میکانیزمی ڕاوێژکاری سیاسی لەگەڵ نزیکەی بیست وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کردووە، لە نموونەی تورکیا، ئێران، میسر، بەحرەین، کوێت، قەتەر، عومان، عێراق، سعوودیە، یەمەن، مغرب، جەزائیر و ... هتد. ئامانج لە دروست کردنی ئەو جۆرە میکانیزمە لە لایەک بۆ بەهێزکردنی لێکتێگەیشتنە لەنێوان چین و وڵاتی تر، لە لایەکی دیکە بۆ زیادکردنی ئاستی هاوئاهەنگی و هاوکارییە، جگە لەوەش گەیشتنە بە کۆدەنگی لەسەر پرسە گرنگەکانی جێگەی بایەخی هەر دوو لا (Jinglie 2010, p25).

ب-هاوبەشی ستراتیژی: لە ساڵی 1999ـــدا، چین ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ کۆماری میسر واژوو کرد، دواتر لە 2006 ڕێککەوتنەکەی نێوانیان بەهێزتر کرا. هەروەها چینییەکان دەســـتیان بە ڕەوانەکردنی پەیامی هاوشـــێوە بۆ سعوودیە کرد، کە خواستیان هەبوو لە دروست کردنی دۆستایەتی و هاوبەشی ستراتیژی، دواجار لە ساڵی 2006 هەر دوو لا گەیشتنە ڕێککەوتن بۆ دروست کردنی ئەو هاوبەشییە، لە 2009ش ڕێککەوتن لەسەر بەرزکردنەوەی ئەو پەیوەندییانە بە شـــێوەیەکی بەردەوام بۆ ئاســـتی قووڵتر، هەر وەک لەگەڵ جەزائیریش لە 2006 هەمان کاری کرد (Ibid).

ت_کۆڕبەندی هاوکاری عەرەبی- چینی: لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٤، کۆڕبەندی هاوکاری نێوان چین و وڵاتانی عەرەبی دامەزرا، کاتێک لەگەڵ (عەمرو مووســـا) ئەمینداری پێشـــووی کۆمکاری عەرەبی و نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام کۆبووەوە، سەرۆکی پێشووی چین (هو جینتاو)، چوار بنەمای بۆ پەرەپێدانی هاوبەشی نێوان چین و وڵاتانی عەرەبی خســـتە ڕوو، ئەوانیش: بەرزکردنەوەی پەیوەندییە ســـیاســـییەکان لەســـەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر، چڕکردنەوەی ئاڵوگۆڕی ئابووری و بازرگانی بە مەبەستی بەدەستهێنانی گەشەپێدانی هاوبەش، فراوانکردنی ئاڵوگۆڕە کلتوورییەکان، لەگەڵ بەهێزکردنی هاوکاری لە کاروباری نێودەوڵەتییدا. کۆڕبەندی هاوکاری نێوان چین و دەوڵەتانی عەرەبی شـــەش دانیشتنی بەرپرسانی پلە باڵا و سێ دانیشتنی لەسەر ئاستی وەزیران ئەنجامداوە. لە مانگی ئایاری ٢٠٠٨، چین و وڵاتانی عەرەبی "بەیاننامەی کۆنفرانسی و پلانی کارکردن بۆ کۆڕبەندی هاوکاری چین و وڵاتانی عەرەبی لە ٢٠٠٨ تا ٢٠١٠" لە سێیەمین کۆبوونەوەی ئاستی وەزیران واژوو کرد، وەک هێمای جۆرێکی نوێ لە هاوبەشی نێوان چین و عەرەب (Ibid). واتە چینییەکان هەوڵی ئەوەیان داوە چۆن لەگەڵ هێزە جیاوازەکاندا لە پەیوەندیدا بن، تاکوو لە میانەی ئەو پەیوەندییەوە بە ئامانجەکانیان بگەن.

دووەم/ میکانیزمی ئابووری و بازرگانی: چین هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ دەســـتەبەرکردنی پێداویســـتییەکانی نەوت و گازی سرووشتی لە وڵاتانی عەرەبی، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی گەشەی خواستە لەسەر وزە، کە ساڵانە نزیکەی (4%) زیاد دەکات، ئەمەش وای کردووە چین زیاتر ئارەزووی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بکات، بەتایبەتی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، کە وڵاتانی بەرهەمهێنەری وزەن. بەهۆی فرەیی و زۆری چالاکییە هاوبەشـــەکانی نێوان چین و وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، لێرەدا ئاماژە بە بەشـــێک لەو چالاکیانە دەکەین:

أ-کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی سعوودیە (ئارامکۆ/ Aramco) کە یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی نەوت و ماددە کیمیاییەکان لە جیهاندا، لەسەر داوای حکوومەتی چین لقێکی لە پەکین دامەزراند بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە بازارکردنی نەوتی خاو و ماددە کیمیاییەکان، هەماهەنگی وەبەرهێنانی هاوبەش، توێژینەوە و پەرەپێدان. ئەم فاکتەرە ئابوورییە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکی و گرنگەکانی دارشتنی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە ئەم ناوچەیە مۆدێلێکە بۆ تێکەڵبوونی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان و بەکارهێنانی ڕەهەندی ئابووری بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی و دروست کردنی تۆڕێکی بەرژەوەندی و هاوپەیمانی دارایی و ئابووری کە لە پرۆسەی ڕێنمایی و کاریگەری لە بڕیاری سیاسی هەندێک وڵاتدا بەکاردێت (باکیر 2016، ص١٥٩). لەم چوارچێوەیەدا پێمان وایە وابەستەیی پەکین بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵدانی پەکینە بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی هێزی تیژ لە ناوچەکە، لە ڕێگەی دروست کردنی پەیوەندی دووقۆڵی.

ب_زیندووکردنەوەی ڕێگەی ئاوریشم: سەرەتای سەدەی بیست و یەک، دەستپێکی ڕاستەقینەی تێکەڵبوونی چینە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئاستە جۆراوجۆرەکان، بەتایبەت ئاستی ئابووری. لە ڕاستییدا بایەخی چالاکی پەکین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بنەڕەتەوە شوێن ئەو نموونە ئابوورییەی چین کەوتووە کە پێشکەشی کردووە، ئەمەش پێشوازییەکی گەرمی لە لایەن وڵاتانی ئەم ناوچەیەوە لێکرا (Simpfendorfer 2009, p8). ئەوە ڕوونە کە چین دەیەوێت لەسەر نەخشەی جیهان و، لە شوێنە ستراتیژییەکانی دونیادا وەک ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئامادەیی هەبێت، بۆ نموونە بوونی چین لە بەندەری گواداری پاکستانی مەبەستی ئەوەیە کە لە ڕێگەی ئەو بەندەرەوە نەوت و گازی کەنداو بگەیەندرێتە چین، لە ڕێگای ئاورێشمی تێپەڕیوو بە پاکستاندا، بە پێی ئەو پلانە کە هەیە لە داهاتوودا ئەم بەندەرە دەبێتە شارێکی چینی، بەوەی کە چین نزیکەی نیو ملیۆن کەسی بۆ دەهێنێت تا تێیدا بژین.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە لە بنەڕەتەوە قوورسایی هێزی تیژی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پشت میکانزمی ئابووری خۆی مەلاسداوە، ئاساییە ئەو ئامرزە پێشینەبن لای چین بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی ئالۆزی سیاسی کە زۆربەی جار ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر ئەو لایەنانە هەبووە کە هەوڵیان داوە دەست لەو ناوچە وەربدن، هەر ئەوەشە سنوورێکی بۆ چین داناوە تەرکیز لەسەر لایەنێکی تر بکات، ئەویش بەکارهێنانی کارتی ئابوورییە بۆ دروست کردنی کاریگەری لە ناوچەکە. لەم چوارچێوەیەدا چین دەیەوێت بە وشکانی و بە ئاودا بە دونیادا بکشێت.

سێیەم/ میکانیزمی ڕاگەیاندن و کلتووریی: بواری کلتووریی یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی چین لە میانەی بڵاوکردنەوەی هێزی تیژی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاری لەسەر دەکات، لە چوارچێوەی هەوڵە چڕەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی مانفیست و دونیا بینی پارتی کۆمۆنیستی چینی چەندین ساڵە کاردەکات، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەکی زۆر لە ناوەندی فێرکردنی زمان و پەیمانگای کۆنفۆشیۆسی کردۆتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکوو:

أ-پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس: لە ساڵی ٢٠٠٦ یەکەم دامەزراوەی کۆنفۆشیۆس لەنێو وڵاتی عەرەبی لە زانکۆی سنت ژۆزێفی بەیروت دامەزراوە. لەو کاتەوە تا کۆتایی ٢٠١٩، چواردە پەیمانگای تر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراونەتەوە، ئەوانیش: یەک دامەزراوە لە هەر یەک لە وڵاتانی بەحرەین، سوودان و تونس. دوو پەیمانگا لە هەر یەک لە وڵاتانی ئەردەن، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و میسر، سێ دامەزراوەش لە مەڕاکیش. هەروەها کۆمەڵە دامەزراوەیەکی تر لە وڵاتانی ناوچەکە دامەزران کە دووان لەوانە لە ئیسرائیل و چواریان لە تورکیا و ئەوی تریان لە کۆماری ئیسلامی ئێرانە. لە عێراق و بەدیاری کراویش لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر لە ساڵی ٢٠١٨ـەوە بەشی زمانی چینی لە کۆلێژی زمانی ئەو زانکۆیە کراوەتەوە (حوسەینی و نیاکویی ٢٠٢٤، ل١٣٤).

ب-ڕاگەیاندن: هێزی تیژی چین لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا لە ڕێگەی پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس و ناوەندەکانی فێرکردنی زمانی چینی نییە، بەڵکوو لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە کاریگەرتر چالاکی دەکات، بۆ نموونە لە تەمووزی 2009، تۆڕی کەناڵی ناوەندی چینی (CCTV) بەشی زمانی عەرەبی کردەوە، کە لە 22 دەوڵەتی عەرەبی زیاتر لە 300 ملیۆن بینەری هەیە، سەبارەت بە ئامانجەکانی ئەو کەناڵەش بەگوێرەی ئەوەی بەپرسانی چینی ئاماژەیان بۆ کردووە، بریتین لە:

1) گۆڕینەوەی زانیاری نێوان گەلی چینی و گەلانی عەرەبی.

2) بەهێزکردنی بڵاوکردنەوەی کلتووری چینی لە جیهان.

3) ڕاستکردنەوەی ڕوانینی شێواوی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی لەسەر چین (بریستو ٢٠٠٩).

بەگشـتی دەکرێت بڵێین، هێزی تیژی کۆماری چینی میللی لەنێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بەگشـتی و وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی، لە ڕێگەی میکانیزمی سیاسی و دیپلۆماسی، ئامرازی ئابووری و بازرگانی، میکانیزمی ڕاگەیاندن کۆمەڵایەتی و کلتووریی پراکتیزە دەکرێت، لە پێناو بەدیهێنان و بەدەستهێنانی هەژموون و بەرژەوەندییەکانی چین.

### ٢-٣ پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان کۆماری چین و کۆماری عێراق:

پێ دەچێت مێژووی نوێی پەیوەندییە سیاسییەکانی عێراق و چین بۆ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چین لە ساڵی ١٩٤٩ بگەڕێتەوە، چونکە لەو کاتەدا سـیاسـەتی دەرەوەی کۆماری چین، خۆی لە دژایەتی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و، دژایەتی دەسـتوەردانی دەرەکی وڵاتانی ڕۆژئاوا و، پشـتگیری خەباتی دژە ئیمپریالیسـتی لە عێراقدا دەبینییەوە. هەر بۆیە دەبینین لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، تاوەکوو ڕووخانی ڕژێمی پاشـایەتی (1921- 1958)، پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوان چین و عێراقدا نەبوو، لەبەر چەند هۆکارێک، کە گرنگترینیان بریتین لە (بن هويدن 2007، ص61):

1-ڕوانگەی چینی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت ئەوەبوو کە ناتوانێت بوون و هەژموونی خۆی تێدا هەبێت، بەو پێیەی ناوچەکە زیاتر لەژێر هەژموون و کاریگەری بەریتانییەکاندایە.

2-لە ڕوانگەی گەل و دەسـەڵاتدارانی عێراقیشـەوە، چین دەوڵەتێکی خوازراو نەبوو، بەو پێیەی دەوڵەتەکە پشـت بە ئایدۆلۆژیایی کۆمۆنیستی دەبەستێت کە دژایەتی ئایین دەکات.

3-لەو قۆناغە مێژوویەدا گرنگی پێدانی چین، زیاتر بە ئاراسـتەی بەهێزبوون لە ناوخۆ بوو، لەگەڵ گرنگیدان بە ناوچەکانی دەورووبەر و نزیک لە خۆی، وەک نیمچە دورگەی کۆریا، یابان، تایوان و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

هەر چەندە لە سـەرەتای پەنجاکانی سـەدەی ڕابردوو پەیوەندییەکی فەرمی ئەوتۆ لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشـایەتی و هاتنە سـەر حوکمی عەبدولکەریم قاسـم، کۆماری گەلی چین دوای دوو ڕۆژ دانی نا بە کۆمارە نوێیەکە و، بە فەرمی ناسـاندی و باڵیۆزخانەی لە عێراق کردەوە. واتە پەیوەندی نێوان عێراق و چین دەگەڕێتەوە بۆ شـۆڕشـی 1958، کاتێک دەسـەڵاتی پاشـایەتی لە عێراق ڕووخا و کۆمار دامەزرا. بەم جۆرە پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات لە ٢٥ی ئابی ١٩٥٨دا بە فەرمی دامەزرا (توفيق ٢٠٢٤).

بەگشـتی لە دوای دامەزراندنی کۆمارەوە پەیوەندییەکانی چین و عێراق بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیون: قۆناغی یەکەم؛ ماوەی نێوان ساڵانی 1958 بۆ 1975ـە، لەم ماوەدا پەیوەندییەکانیان لە ڕووی ئابووری و دیپلۆماسییەوە دەستی بە بنیاتنان کرد. لەبەر ئەوەی هەر دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم، کۆماری چین ڕاسـتەوخۆ دانی نا بە کۆمارە نوێیەکە و بە فەرمی ناسـاندی، چین بەم هەنگاوەی دەیویسـت پێگەیەک بۆ خۆی لەو ناوچە گرنگە بکاتەوە، چونکە پێی وابوو کە سەرکردەی گۆڕانکارییەکە _عەبدولکەریم قاسـم_ کەسێکی شۆڕشگێڕە و دژی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاواییە، چینییەکان ئەم بڕوایەیان لا بەهێزتر بوو کاتێک عێراق لە هاوپەیمانی بەغدادی ساڵی 1955 کشـایەوە، کە هاوپەیمانییەکی ڕۆژئاوایی بوو، مەبەسـتی سـەرەکی لێی ڕێگرتن بوو لە بڵاوبوونەوەی شـەپۆلی کۆمۆنیزمی لە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (العامري 2017، ص19).

قۆناغی دووەم؛ لە کۆتایی حەفتاکان تاکوو ١٩٩٠، لەم قۆناغەدا تاڕادەیەک پەیوەندییە بازرگانییەکان و وەبەرهێنانی چینـی لە عێراق زیاد بـوو. هەر لەم قۆناغەدا؛ ڕێکەوتنی جەزائیری ساڵی 1975ی نێوان عێران و ئێران، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر لاوازکردنی پەیوەندییەکانی عێراق و یەکێتی سۆڤێت و، کەمکردنەوەی هەژموونی ئەو وڵاتە لە عێراق، ئەمەش ڕێگەی خۆشـکرد بۆ چین تا هەوڵ بدات بۆشـایی یەکێتی سـۆڤێت لە عێراق پڕبکاتەوە. داگیرکردنی ئەفغانستانیش لەساڵی 1979 لە لایەن یەکێتی سۆڤێتەوە گرنگیدانی چینییەکانی بە عێراق و ناوچەی کەنداو زیاتر کرد (بن هويدن 2007، ص66). هەروەها لە ماوەی جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا (1980- 1988)، چین سـیاسـەتی بێلایەنی پەیرەو دەکرد و هەوڵی دەدا ڕۆڵی نێوەندگیری بگێڕێت، لەگەڵ ئەوەشـدا چەکی بە هەر دوو لایەنی جەنگەکە دەفرۆشت و پەرەی بە بەرژەوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی خۆی دەدا لەگەڵ هەر دوو وڵات.

قۆناغی سـێیەم؛ ماوەی نێوان سـاڵانی ١٩٩٠ بۆ ٢٠٠٣، بە هۆی سـزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسـەر عێراق، پەیوەندییە ئـابوورییەکان بچڕان، هەر لەو قۆنـاغەدا و لە کـاتی جەنگی دووەمی کەنداو لە ئـابی ١٩٩٠ـــدا، چین لەشکرکێشی عێراقی بۆ سەر کوێت ئیدانە کرد، لە هەمان کاتیشدا بە توندی دژی کردەوە سەربازییەکانی هاوپەیمانان بوو بۆ سـەر عێراق لە کانوونی دووەم و شـوباتی ١٩٩١. هەڵوێسـتی چین بەرامبەر داگیرکردنی کوێت لە لایەن

عێراقەوە، جیاواز بوو لە هەڵوێستی پێشوو، بە جۆرێک لەبری سیاسەتی بێلایەنی، چین ئیدانەی عێراقی کرد و داوای لێکرد لە کوێت بکشێتەوە، هەرچەندە چین دژی ئەوە بوو بە زەبری هێز و لەڕێی دەستتێوەردانی سەربازییەوە عێراق لە کوێت وە دەر بنرێت، بەڵام بەم هەڵوێستەی چین توانی کۆمەڵێک ئامانج و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کوێت و وڵاتانی دیکەی کەنداو بەدەست بهێنێت (العامري 2017، ص21). دوای وەدەرنانی عێراق لە کوێت، کۆماری چین بەردەوام بوو لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق، چین بەگشتی داوای لابردنی سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر عێراقی دەکرد کە بە هۆی جەنگی کوێتەوە بەسەریدا سەپێنرابوو، هەروەها ڕۆڵی هەبوو لە دەرچوواندنی بڕیاری تایبەت بە ئاڵوگۆڕی نەوت بەرامبەر خۆراک لە ساڵی 1996، هەروەها سوودمەندیش بوو لە گرێدانی چەند ڕێکەوتنێکی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ عێراق لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا.

قۆناغی چوارەم؛ پەیوەندییەکانی نێوان چین و عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ـەوە دەست پێ دەکات کە بە خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانیان دەناسرێتەوە، چونکە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان بەهێز بوون، بە تایبەتی لە کەرتی وزەدا. عێراق بوو بە یەکێک لە وڵاتە سەرەکییەکانی دابینکەری نەوتی چین (Gul 2023, p358). لەگەڵ دەستپێکی داگیرکەری عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لە ئازاری ٢٠٠٣، چین ڕاستەوخۆ دوای دەستپێکردنی هەڵمەتەکە؛ دەستدرێژییەکانی ئەمریکای بۆ سەر عێراق ڕەت کردەوە و نارەزایی خۆی لە هەڵمەتەکە دەربڕی و بە پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراقی دانا، بەو پێیەی ڕای گەیاند کە چین پشتیوانی لە پرەنسیپی "خەڵکی عێراق حوکمڕانیی عێراق دەکات"، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی بۆ ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یەکسانی و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراقدا کردەوە. دوای پێکهێنانی حکوومەتێکی کاتی، چین پێشوازیی لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی حوکمڕانی لە عێراق کرد، هەروەها بەڵێنی دا ٢٥ ملیۆن دۆلار وەک هاوکاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق دابین بکات. جگە لەوەش، لە مانگی ئایاری ٢٠٠٤دا چین پێشنیازێکی پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد بۆ دیاریکردنی وادەیەک بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق (توفيق ٢٠٢٤).

پاش کشانەوەی هێزی ئەمریکا لە عێراق لە کانوونی دووەمی ٢٠١١، دەرفەتێکی گرنگ بۆ چین ڕەخسا، کە پەرە بە پەیوەندییە سیاسی و بازرگانی و ئابوورییەکانی بدات لە عێراق، بە تایبەت لە کەرتی وزە و نەوتدا. چین لە ساتی پرۆسەی ئازادیی عێراقدا پلەی شەشەمی لەسەر ئاستی جیهان هەبوو لە لایەنی ئابوورییەوە، لە ساتی کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق پلەکەی هەڵکشا بۆ پلەی دووەمی سەر ئاستی جیهان. دواتر لە سەروبەندی هاتنی داعش لە حوزەیرانی 2014 بۆ عێراق و داگیرکردنی بەشێک لە خاکەکەی، حکوومەتی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، تەکنۆلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکداریی لە چینەوە هاوردە کرد (ساڵح و نەجمەدین ٢٠٢٤، ل٦٠).

پاشان لە چوارچێوەی هەڵوێستی وڵاتان لە کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ئەیلوولی ٢٠١٧، کۆماری گەلی چین پشتگیری حکوومەتی عێراقی فیدراڵی کرد بۆ پاراستنی سەروەری، سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکەکەی. هەروەها پشتگیری پرۆسەی وتووێژی نیشتمانی و هەوڵەکانی عێراق بۆ دژایەتی کردنی تیرۆر کرد. بۆیە دەسەڵاتدارانی پەکین ڕایان گەیاند کە دژی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تاک لایەنەی کوردە و، پشتگیری حکوومەتی عێراقە بۆ فەراهەمکردنی ئاشتی و سەقامگیری ناوخۆیی و ناوچەیی (Chaziza 2017).

بەگشتی دەکرێت بڵێین، هەژموونی سیاسی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەروادیَ زیاتر دەبێت. زۆرێک لە شیکەرەوە سیاسییەکان ئاماژە دەکەن بەوەی، چین؛ هێدی هێدی هەنگاوەکانی خۆی دەنێت بۆ جێگیرکردنی هەژموونی زیاتر و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی لەو ناوچەیەی جیهاندا کە پێشتر گرنگییەکی تایبەتی هەبووە لە ستراتیژیەتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، چاوی کۆماری چین لەسەر کۆماری عێراقە و، دەخوازێت لە زۆر بواردا هەژموونی خۆی تێدا جێگیر بکات.

### ٣-٣ پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان چینی میللی و عێراقی فیدراڵ:

لە حوزەیرانی ٢٠٠٧، کاتێک (جەلال تاڵەبانی) سەرۆککۆماری پێشووتری عێراق سەردانی چینی کرد، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە میکانیزمی کاری هاوبەشی دانا و پەیوەندییەکانی هەر دوو لای بردە قۆناغێکی نوێ، ئەم سەردانە حەوت ڕۆژییە بە شاندێکی ٤٠ کەسی، یەکەم سەردانی باڵای عێراقی بوو لە ئاستی سەرۆککۆمار لە پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی عێراق، بۆیە لە ناوەندە میدیاییەکاندا بە "سەردانی مێژوویی" لە قەڵەم درا. سەردانەکە

زیاتر مۆرکێکی ئابوورییانەی هەبوو لە چەشـــنی وەبەرهێنانی چین لە کەرتی نەوتی باشـــوور و هاوردەکردنی کاڵای چینی بۆ بازاڕی عێراق (تەها ٢٠٢٢، ل٢٩). دواتر لە تەمموزی ٢٠١١، (نووری مالیکی) سـەرۆکوەزیرانی پێشـووتری عێراق لە ســـەدانێکیدا بۆ چین، کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەی واژوو کرد بۆ هێنانی کۆمپانیا چینییەکان بۆ عێراق و هاوردەکردنی کاڵای چینی، بەتایبەت کەرەستەکانی بیناسازی و بنیاتنانەوەی وێستگەکانی وزەی کارەبا. سەردانەکەی مالیکی کە ساڵێک پاش کشـانەوەی سـوپای ئەمریکا بوو لە عێراق، بوو بە هۆی ئەوەی باڵیوێزخانەی چین لە عێراق بکرێتەوە، چونکە ئەو بۆشاییەی بە کشانەوەی لەشکری ئەمریکا دروست بوو، دەرفەتی ڕەخساند بۆ ئەوەی چینییەکان ئامادەیی خۆیان زیاتر بکەن لە گۆڕەپانی عێراق (السومرية ٢٠١١).

گەڕانەوەی چین بۆ عێراق لە سـاڵانی 2007 و 2012، هاوکات بوو لەگەڵ هەڵکشـانی ڕۆڵی ئەم زلهێزە جیهانییە لە بواری ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر لەم ساڵانەشدا پرۆژەی پشـتێن و ڕێگا کە زیندووکردنەوەی ڕێگای ئاوریشـمی مێژووییە، بە گەرمی کەوتە بەر باس و سیماکانی وردە وردە ئاشکرا کران. لەم پرۆژە گرنگەشدا عێراق یەکێکە لەو کۆمەڵە وڵاتەی جگە لەوەی ڕاڕەوی گەیشـــتنە بە کەناری دەریای ناوەڕاســـت، کەنداوی عەرەبیش دەبەستێتەوە بە وڵاتی تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەورووپا، ئەمەش وا دەکات لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگی و بایەخی تایبەتی هەبێت بۆ دەسەڵاتدارانی پەکین.

ســـەردانەکەی ســـەرۆکوەزیرانی پێشـــووتری عێراقیش (عادل عەبدولمەهدی) لە ئەیلوولی 2019، بە شـــاندێکی 55 کەسییەوە هەر لەم چوارچێوەیەدا بوو. شاندە عێراقییەکە کە سەرجەم پارێزگارەکانی عێراق و وەزیرانی پەیوەندیداری تێدا بوو، هەشت یاداشتی لێکگەیشتنیان واژوو کرد، هەر لەوێ بەفەرمی عێراقیان خستە ڕیزی ئەو وڵاتانەی بەشێکن لە پرۆژەی پشـتێن و ڕێگا و، بوارەکانی هاوکارییش جگە لە سێکتەرە ئابوورییەکان، پەلی هاویشت بۆ دروستکردنی کتێبخانەیەکی چینی لە زانکۆی بەغدا و پەرەپێدانی پەیوەندیی ڕۆشنبیریی لەنێوان هەر دوو وڵات، لەگەڵ تەرخانکردنی زەوی بۆ نێردەی دیپلۆماسـی هەر دوو لا لەسـەر خاکی وڵاتی یەکتر (تەها ٢٠٢٢، ل٣١). ئەم سـەردانە لە کاتێکدا بوو کە عێراق ڕۆژانە 800 هەزار بەرمیل نەوتی هەناردەی چین دەکرد و، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیشـیان زیاتر لە 30 ملیار دۆلاری سـاڵانە بوو، لەم کاتەشـدا ڕێککەوتنێک کە بە 500 ملیار دۆلار خەمڵێنرا، لەنێوان هەر دوو لادا گەڵاڵە کرا، کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری عێراق لە لایەن چینەوە لە بەرامبەر دابینکردنی نەوت بۆ ئەو وڵاتە لە کێڵگەکانی عێراق.

بەپێی ڕاپۆرتی سـەنتەرێکی توێژینەوە لە زانکۆی فودانی چین، عێراق ئامانجی سـەرەکی دەسـتپێشـخەریی ژێرخانی پشـتێن و ڕێگای چین بووە لە سـاڵی 2021ـــدا، کە بڕی 10.5 ملیار دۆلاری وەک بودجە بۆ پرۆژە جیاوازەکان وەرگرتووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، وەبەرهێنانی چینی لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، لە 2021دا بەگشتی نزیکەی 360% زیادی کردووە، هاوکات بەشداری کردن لە بواری بیناسازیدا بە بەراورد بە ساڵی 2020 بە ڕێژەی 116% زیادی کردووە. عێراق سـێیەم گەورەترین هاوبەشـی وزە بووە لە پرۆژەی پشـتێن و ڕێگا لە سـاڵی 2013ـــەوە، دوای پاکسـتان و ڕووسـیا. چین و عێراق پێکەوە کار دەکەن بۆ دروسـتکردنی وێسـتگەی کارەبای ئەلخەیرات بە بڕی پێنج ملیار دۆلار لە پارێزگای کەربەلا و، کۆمپانیای سینۆپێکی چینییش گرێبەستێکی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی گازی مەنسـوورییە لە پارێزگای دیالە بەدەست هێناوە. هەروەها هەر دوو وڵات لە بواری فڕۆکەخانە و وزەی خۆر و پرۆژەکانی تریش هاوکاری یەکترن (مەحموود ٢٠٢٤، ل٣٢).

لە هەموو هاوکێشـە سـیاسـییە کۆن و نوێیەکانی عێراقدا، کەرتی وزە بەشـێکی دانەبڕاوە لەو هاوکێشـانە، پێ دەچێت یەکێک لە هۆکارە سـەرەکییەکانی ئەو هەوڵانەی پەکین دەیاندات لە عێراقدا دۆسـێی نەوت بێت. ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی تری ڕۆژئاوایی لە عێراق، لەبەر هەر هۆکارێک بووبێت لەو وڵاتە کشاونەتەوە. ئێستاش وەک دەگوترێت کۆمپانیاکانی چین جێیان دەگرنەوە. لەم بارەیەوە توێژەری سیاسی کورد (سەردار عەزیز)، دەڵێت: "کۆمپانیا چینییەکان هەروا دێ و زیاتر زاڵ دەبن بەسەر کەرتی وزەی عێراق، سیاسەتی چینییەکانیش هەوڵدان نییە بۆ بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر، بەڵکوو دەیانەوێت نەوت بۆ وڵاتەکەیان دابین بکەن". هەروەها پێی وایە "کۆمپانیا چینییەکان کێشـــەیان لەگەڵ گەندەڵی و خراپی دۆخی عێراق نییە و دەتوانن لە دۆخ و باری ســـەختدا کار بکەن و ئامانجەکەشیان بەدەستهێنانی نەوتە بە نرخێکی هەرزان بۆ وڵاتەکەیان" (دەنگی ئەمریکا ٢٠٢٤). بەگشتی نەوتی عێراق خواسـتێکی زۆری لەسـەر هەیە و چینیش یەکێکە لەو وڵاتانەی چاوی لەوەیە هاوبەشـییەکی گەورە بۆ خۆی دروست

بکات لە کەرتی وزەی عێراقدا، لە ڕێی وەبەرهێنانی کۆمپانیا نەوتییەکانییەوە و هەروەهاش سـوود وەرگرتن لە هەرزانی نرخەکەی.

لە پێناو مسۆگەرکردنی بەردەوامی نەوتی عێراق، چین چەند ڕێگەیەکی گرتوەتە بەر، ئەوانیش (عەزیز ٢٠٢٣، ل١٠):

1-هەرزانکردنی خزمەتی کەرتی نەوت بە ئاسـتێک کە هیچ کۆمپانیایەکی تر نەتوانێت کێبڕکێی بکات، ئەوە تەنیا بۆ کۆمپانیا ئەوروپی و ئەمریکیکان نییە، بەڵکوو ژاپۆنییەکانیش گلەیی زۆر دەکەن. چینییەکان دەتوانن ئەوە بکەن، چونکە خۆیان کارەکان دەکەن، هەروەها قازانج مەبەست نییە لە لایان، بەڵکوو ئاسایشی وزە کاری لە پێشینەیانە.

2-چین دەیەوێت نەوت و گازی سرووشتی تەنیا مامەڵەیەکی بازاڕی نەبێت، بەڵکوو بە بواری ترەوە گرێ بدرێت، بۆ نموونە ژێرخان، ئاوەدانی و گرێبەستی درێژخایەن و قەرز.

3-چین تەنیا کڕیاری سـەرەکی نییە، بەڵکوو لە بوارەکانی تری وەک دەرهێنان و گواسـتنەوە و سـاغکردنەوەدا کاردەکات. هەروەها حکوومەتی چین بە بوونی، بە یەکێک لە کڕیارە سەرەکییەکانی وزە، عێراق ناچار دەکات نەتوانێت وازی لێ بهێنێت، چونکە ناتوانێت کڕیارێکی وەک چین لە بازاڕدا بدۆزرێتەوە. چینییەکان زۆر بە ئاگایانە ئەم پرسـی ساغکردنەوەیە بەکار دەبەن.

4-چین هەوڵ دەدات کە نەک تەنیا عێراق سەرچاوەی وزە بێت بۆ چین، بەڵکوو چینیش ببێت بە سەرچاوەی وزە، بە تایبەتی تەکنۆلۆژیای وزە لە عێراقدا، ئەمە بە ڕوونی لە بواری وزەی خۆر و کارەبا و بوارەکانی تردا دەبینرێت.

پاش ئەوەی چین وەک یەکێک لە گەورەترین کڕیارانی نەوتی جیهان دەرکەوت، بە دیاریکراویش لە دوای 2016، چین بە نزیکەی (46%)ـی نەوتی خۆی لە وڵاتانی عەرەبییەوە هاوردە دەکرد. لە (11%)ـی ئەم ڕێژەیەش لە عێراقەوە هاوردە دەکرد. کەواتە لە ڕوانگەی ئاسـایشـی وزەی چینەوە؛ عێراق گرنگە، چونکە بڕێکی دیاریکراو لە پێداویسـتی نەوتی خۆی لە عێراقەوە هاوردە دەکات (عەبدوڵا ٢٠٢٤، ل١٩). ئەگەر سەیری زمانی ژمارەکانیش بکەین، ئەم ڕاستییە بە ئاشکرا تێبینی دەکرێت. بۆ نموونە: چین لە 2022دا نزیکەی (55.49) ملیۆن تۆن نەوتی خاوی لە عێراقەوە هاوردە کردووە، نەوتی عێراق بە ڕێژەی (47.49%) بۆ چین هەناردە کراوە، عێراق بە تەنها لە چین بڕی (39.04) ملیاری دۆلار داهاتی فرۆشتنی نەوتی دەست کەوتووە. دەبینین چین کڕیارێکی سـەرەکیی نەوتی عێراق بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە عێراق پێگەیەکی گرنگی هەیە لە سـتراتیژیەتی ئاسـایشـی وزەی چیندا. بە پێی ئەو داتایانە، عێراق بە سێیەم گەورەدابینکەری نەوتی چین هەژمار دەکرێت (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠).

هەروەها بەپێی داتاکانی (سەنتەری بازرگانی نێودەوڵەتی/ ITC)، تەنیا لە ساڵی 2023ـدا، ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان عێراق و چین 49.7 ملیار دۆلار بووە، کە 14.3 ملیاری هەناردەکردنی کاڵا و شـمەکی چینی بووە بۆ عێراق، لە بەرامبەریشـدا نزیکەی 35.4 ملیار دۆلار هەناردەی عێراق بووە بۆ چین. هەروەها، لەماوەی پێنج سـاڵی ڕابردوو، بە وردبوونەوە لە داتاکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان چین و عێراق شـتێکی سـەرنجڕاکیش ئەوەیە، سـاڵ بە سـاڵ هەناردەی چین بۆ عێراق لەڕووی جۆری کاڵا و سەرمایەوە بەردەوام زیادی کردووە و گەیشتووەتە سەرووی 100 جۆری کـاڵا و کەلوپەل، بەڵام هەنـاردەی عێراق بۆ چین بەرزی و نزمی زۆری بەخۆوە بینیوە، چونکە هەناردەکردنەکەی هەمەچەشن نەبووە و ڕێژەی سەروو 95% هەناردەی عێراق بۆ چین نەوت و مشتەقاتەکانی بووە. هەروەها، لەڕووی وەبەرهێنانەوە، بەردەوام کۆمپانیا چینییەکان شوێنپێی خۆیان لە کەرتی وزە و خانووبەرە لە عێراق فراوانتر کردووە. بە جۆرێک تەنیا لە ماوەی پێنج سـاڵی ڕابردوودا، ڕێژەی وەبەرهێنانی چین لە عێراق گەیشـتووەتە سەرووی 16 ملیار دۆلار (بابان ٢٠٢٤، ل٣).




ئامادەکردنی: توێژەران؛ بە سوود وەرگرتن بە داتا و زانیارییەکانی سەنتەری بازرگانی نێودەوڵەتی (ITC)

بەگشتی دەکرێت بڵێین، عێراق لە ڕووی وزە، ئابووری و جیۆسیاسییەوە بۆ چین گرنگە، چونکە بە ڕێگەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ گواستنەوەی شمەک و کاڵا چینییەکان بۆ ژمارەیەک لە دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەورووپا، ئەوەش دەکەوێتە چوارچێوەی پرۆژە مەزنەکەی چین _پشتێنەی نوێی ئابووری_. سەرەڕای ئەوەی حکوومەتەکانی چین و عێراق، یاداشتی لێکگەیشتن و ڕێککەوتنیان واژوو کردووە کە پشتی بەستووە بە نەوت لە بەرامبەر ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان و گەشەکردن و، لیژنەی هاوبەشی نێوان هەر دوو وڵات، زیاتر لە سەد پرۆژەیان هەڵبژاردووە کە چین جێبەجێیان بکات.

### ٣-٤ پایەی کلتووریی و ڕۆشنبیریی لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و عێراق:

کلتوور و زمان هەمیشە بەشێکی سەرەکی و پڕ بایەخی سیاسەتی هێزی چین بووە بەرامبەر جیهان، لەم بارەیەوە سەدان دامەزراوەی کۆنفۆشیۆسی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ ناساندنی کلتوور و زمانەکەی دامەزراندووە. چین؛ زۆر جەخت لە ئاڵوگۆڕی کلتووری دەکاتەوە وەک ئامرازێک بۆ لێکتێگەیشتن لەگەڵ گەلانی دیکە، ئەمەش دەستپێشخەرییەکانی وەک پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس و ئاڵوگۆڕی کلتووری و سکۆلەرشیپ بۆ فێرخوازانی بیانی بۆ خوێندن لەو وڵاتە دەگرێتەوە.

پەیوەندییەکانی عێراق و چین، تەنیا لە بواری ئابووری و بازرگانییدا قەتیس نەبوون، بەڵکوو لە بواری تەکنیکی و کلتووریشدا ڕەنگیی داوەتەوە، چەندین ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن لە بوارە جیاوازەکاندا ئەنجام دران کە زیاتر بوارەکانی هاریکاریی تەکنیکی بوون، بە تایبەتی ڕاهێنانی کارمەندە عێراقییەکان لە وەزارەتەکانی چین وەک یەکێک لە وڵاتە پێشەنگەکان توانیبووی لە ماوەیەکی کورتدا کەرتە ئابوورییەکانی پەرەپێبدات. لە ساڵی ٢٠٠٦دا یەکەم هاوکاریی تەکنیکیی چینی کردنەوەی خولێکی ڕاهێنانی ئابووری و بازرگانی بۆ سی کارمەندی فەرمی عێراق بوو (مەحموود ٢٠٢٣، ل١٧٦).

دواتر لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٠، چین یاداشتێکی تری لێکتێگەیشتنی لەگەڵ عێراق بۆ دابینکردنی خولی زیاتری ڕاهێنان لە چین بۆ ئەو کەسانەی لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە دامەزراون، واژوو کرد. ئەو بوارانەی لە یاداشتنامەکەدا هاتوون بریتی بوون لە: تەکنۆلۆژیای زانیاری، چاککردنەوەی کۆمپیوتەر، چاودێریی کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبردنی دارایی و گەشەپێدانی ئابووری، ژێرخانی بازرگانی و وەبەرهێنان، بەڕێوەبردنی بەندەر، چاندنی زەوییە وشکەکان و وزەی پاک. لە بەرامبەردا سەرکردەکانی چین لە پێناو بەرەوپێشبردنی زمانی چینی و ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی و ئایکۆنە کلتوورییەکانی چین و فراوانکردنی میدیا، پەنای بۆ میکانیزمی کلتووری و ڕۆشنبیریی بردووە (سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧).

بەم شێوەیە چین لەو شوێنانەی پەیوەندیی ئابووریی بەهێزی هەبووە، هەوڵیان داوە ئاشنایی کلتووری چینی زیاد بکات، عێراقیش بەشێک بووە لەو شوێنانە. لەم سۆنگەیەوە لە ساڵی ٢٠١٠، وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراق و وەزارەتی

ڕۆشـنبیری چین، لە پەکین بەرنامەیەکی جێبەجێکاریی سـێ سـاڵەی هاوکاریی کلتوورییان بۆ سـاڵانی ٢٠١١ و٢٠١٢ و٢٠١٣ دارشـت. بۆ نموونە لە ئەیلوولی ٢٠١٢، کۆمپانیای هواوی تیلیکۆم سـەنتەری پەیوەندییەکانی لە زانکۆی بەغدا دامەزراند. جگە لەوەش حکوومەتی چین سـکۆلەرشـیپی پێشـکەش بە فێرخوازانی عێراقی کرد بۆ ئەوەی لە چین لە بواری هونەر، زمانەوانی و ئەندازیاری بخوێنن، هەروەها بە پێی "پرۆگرامی جێبەجێکاریی سـێ سـاڵە"، چین دەرفەتی بەشداری کردنی لە پێشانگای نێودەوڵەتیی شەنگەهای لە ٢٠١٠ بۆ عێراق ڕەخساند (سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨).

هەر وەک ئاماژەمان پێدا، کلتوور و زمان بەشـێکی دانەبڕاوە لە پایەکانی هێزی تیژی چین بەرامبەر بە عێراق، لەم بوارەدا باڵیۆزخانەی چین بەردەوام خول و ڕاهێنان پێشـکەش بە گەنجانی عێراقی دەکات بە مەبەسـتی ناسـاندنی کلتوور و فێربوونی زمانی چینی. پەرەسەندنی هێزی چین لە عێراق، تەنانەت چووەتە بواری دروستکردنی دامەزراوە و ڕێکخراوەوە، لەوانە (کۆمەڵەی دۆسـتایەتی عێراق و چین بۆ هاوکاری و گەشـەپێدان). ڕێکخراوەکە لە ماڵپەڕە فەرمییەکەیدا بەم شـێوەیە گوزارشـتی لە خۆی کردووە: "کۆمەڵەکەمان لە 8ی ئابی 2018 لە بەغدا دامەزراوە، کار دەکات بۆ پەرەپێدانی هاوکاری و لێکتێگەیشتنی کلتووری و کۆمەڵایەتی نێوان هەر دوو گەلی عێراق و چین، ئاڵوگۆڕی سـەردان و دەسـتکەوتە کلتوورییە جۆراوجۆرەکان، وەک سـازدانی سـیمینار و شـاند کردن. ئامانجەکانی کۆمەڵەکە ئاشـناکردنی گەلی چینە بە واقیعی پرسـە نیشـتمانییەکانی عێراق. پیشـاندانی ژیان و خزمەتی چینی بۆ هەموو هاوولاتییان بەبێ جیاوازی". هەروەها دەربارەی ئامانجەکانی هاتووە کە بریتییە لە پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستایەتیی عێراق و چین، ناسـاندنی هاوولاتییانی هەر دوو وڵات بە شـێوەیەکی گونجاو و بابەتیانە بۆ پرس و ڕووداوەکانی لایەنی بەرامبەر لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، بۆ پێشـخسـتن و قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکان لە بواری ڕۆشـنبیریی و توێژینەوەی زانسـتییدا، هەروەها بۆ فراوانکردن و پتەوکردنی پەیوەندییە ئابووری و کلتوورییە هاوبەشـەکان و لە سـەرووی هەمووشـیانەوە پرۆژەکانی هاوکاریی نێوان هەر دوو وڵات. هەروەها گرنگیدان بە کۆمەڵگای عێراقی و بازرگانانی نیشـتەجێی چین و بە پێچەوانەوە و ئاسـانکاری بۆ کاری کۆمپانیا چینییەکان کە لە عێراق کار دەکەن (جمعية الصداقة ... ٢٠٢٤).

هەر لە چوارچێوەی پەیوەندییە کلتووریی و ڕۆشـنبیرییەکانی نێوان چین و عێراق، لە سـاڵی ٢٠١٨دا بەشـی زمانی چینی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سـەلاحەدین- هەولێر کراوەتەوە، دواتر لە ٢٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، پەیمانگای فێربوونی زمانی چینی لە بەغدا کرایەوە. هەروەها لە نوێترین چالاکییاندا، کونسوڵخانەی چین لە هەرێمی کوردستان- عێراق، "سـەنتەری لێکۆڵینەوەی چین" (China Studies Center) لە ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ لە زانکۆی سـلێمانی دامەزراند، کە ئامانج لێی گەشـەپێدانی پەیوەندی و لێکتێگەیشـتنی هاوبەشـە لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان- عێراق و چینە، لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوە و چالاکی زانستی و بەهێزکردنی پەیوەندییە کلتووری و ئەکادیمییەکان، هەروەها باشـترکردنی زانیاری ناوخۆیی لەسـەر سیاسـەت، کلتوور، کۆمەڵگا و ئابووری چینییەکان لە کوردستان و عێراقدا (سالح و نەجمەدین ٢٠٢٤، ل٦٣).

بەگشـتی دەکرێت بڵێین، لە چوارچێوەی میکانیزمەکانی هێزی تیژدا، چین گرنگییەکی زۆری بە کـایەی زمـان و ئاڵوگۆڕی کلتووری لەگەڵ عێراق داوە، لە نموونەی: ئاسانکاری کردن لە بواری بەخشینی ڤیزە بە هاوڵاتییانی عێراقی و کردنەوەی سـەنتەری زمانی ماندارین _زمانی فەرمیی چینی_ لە بەغداد، هەروەهـا دروسـتکردنی کۆمەڵەی دۆسـتایەتی عێراق- چینی و سـەنتەری لێکۆڵینەوەی چین لە زانکۆی سـلێمانی و بەشـی زمانی چینی لە زانکۆی سەلاحەدین، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە ڕێکخستن و گەشەپێدانی ڕەهەندە کلتوورییەکانی وڵاتی چین لە عێراق.

**بەرەنجامی کۆتایی:**

بە پێویستی دەزانین لە کۆتایی توێژینەوەکەمان ئاماژە بەم چەند خاڵە وەک بەرەنجامی گشتی بدەین، ئەوانیش:

1-بە لەبەرچاوگرتنی سـەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە، ڕوانینەکان بۆ هێزی تیژ زیاتر لەسـەر بنەمای چین دامەزراون، چونکە کێشـەکانی هێزی نەرمی چین دەتوانرێت وەک هۆکاری سـەرهەڵدانی هێزە تیژەکەی سـەیر بکرێت. لە توێژینەوەکەدا ئەو ئامرازانەی هێزی نەرم کە دەوڵەتە خۆسـەپێنەکان بەکاری دەهێنن، وەک هێزی تیژ هەژمار دەکرێن. بۆیە ئەوەی هێزی تیژ دیاری دەکات، ئامرازەکان خۆیان نین، بەڵکوو ئەوەیە کێ بەکاریان دەهێنێت.

2-هێزی تیژی چین لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەدا، بەتایبەتی لە بواری میدیا، زمان، پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس، پرۆگرامەکانی فێرکرن، یارمەتییە ئابوورییەکان، فشاری فرە ئاراستە، وابەستەیی ئابوری، زانیاری ناڕاست، پڕپاگەندە، سانسۆر، کاری سیخوڕی و ڕەوەندی چینی

بابەتی هەرە دیارن. بۆیە بەردەوامی بەکارهێنانی ئەو چالاکییانە لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە دەتوانرێت وەک هێزی تیژی چین نیشان بدرێت.

3-کۆماری چینی میللی لە جێبەجێکردنی بنەماکانی هێزی تیژ لە بواری ئابووریدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەتایبەتی لە پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، کە پێشهاتی گەورە و قووڵی بۆ ئابووریی جیهان هێناوە. بۆیە پێمان وایە، چینییەکان ستراتیژیەتی هەژموون و فراوانخوازیی بە ڕوخسارێکی ئابوورییەوە دەستپێکردووە. لە بواری کلتوورییش، هێزی تیژ لە سیاسەتی دەرەوەی چین چالاکانە بەکار هێنراوە. لە ڕووکەشدا، پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆس دامەزراوەی پەروەردەیی قازانج نەویستن. بەڵام لە واقیعدا، چینییەکان لە ڕێگەی پەیمانگاکانی کۆنفۆشیۆسەوە بە سەرپەرشتی ئەنجوومەنی هانبان هێزی تیژ هەناردەی جیهان دەکات.

4-چینییەکان لە لایەک چاویان لە سامانی سرووشتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە لایەکی دیکە دەیانەوێت وڵاتانی ناوچەکە ببنە جێگای ساغکردنەوەی کاڵای چینی، ئەمە سەرباری ئەوەی مەبەستیانە لەگەڵ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی زمان و کلتوورییەوە پەیوەندی دروست بێت.

5-پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان چین و عێراق بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، بە جۆرێک لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نەبوو، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆمار، پەیوەندییەکانیان لە ڕووی ئابووری و دیپلۆماسییەوە دەستی بە بنیاتنان کرد. ئەگەرچی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، پەیوەندییە دووقۆڵییەکانیان بەهێزتر بوون و، پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لە عێراق لە کانوونی دووەمی ٢٠١١، دەرفەتێکی گرنگ بۆ چین ڕەخسا، کە پەرە بە پەیوەندییە سیاسی و بازرگانی و ئابوورییەکانی بدات لەگەڵ عێراق، بە تایبەت لە کەرتی وزە و نەوتدا.

6-دوای ئەوەی لە ٢٠١٣، شی جی پینگ سەرۆکی چین، دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگای ڕاگەیاند، کە ئاماژەیە بۆ تۆڕی ڕێگا ئاڵۆزەکان کە چینییەکان بۆ فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی کاڵاکانیان لە چینەوە بۆ ئاسیا و ئەورووپا پشتی پێ دەبەستن، لەم نێوەندەدا کۆماری عێراق دەکەوێتە نێو ئەم پرۆژەیەوە، هەر بۆیە پەکین حەزی لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانە لەگەڵ بەغدا، بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی بازرگانی لەنێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە چوارچێوەی دەستپێشخەریی چینییەوە.

7-چین، بە شێوەیەکی بەرچاو بوونی ئابووریی خۆی لە عێراق زیاد کردووە لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە پرۆژە ژێرخانییە ئابوورییەکان. هەروەها بەشداری کردنی چین لە کەرتی وزەی عێراق وای کردووە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ عێراق بەهێزتر بکات.

8-کۆماری چین چالاکانە پەرەی بە کلتوور و زمانی خۆی لە ناوچەکەدا داوە. دەستپێشخەرییەکانی وەک بەرنامەی زمان، بۆنە کلتوورییەکان و ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی بەشدارن لە بنیاتنانی کاریگەری و پەیوەندی لەگەڵ کۆماری عێراق. بەشداری کارای چینیش لە چالاکی دیپلۆماسیی گشتییدا بۆ ئەوەیە ڕای گشتی بە شێوەیەکی ئەرێنی بەرامبەر خۆی دابڕێژێت. ئەمەش دەتوانێت هەڵمەتی میدیایی و بۆنە ڕۆشنبیرییەکان و دەستپێشخەرییەکانی دیکە بخاتە ئامانجی دروست کردنی وێنەیەکی گونجاوی چین لەنێو خەڵکی عێراق و ناوچەکە.

## لیستی سەرچاوەکان:


**یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:**

- کتێب:
- عەزیز، سەردار (٢٠٢١)، بەخێربێن بۆ سەردەمی چینی لە کوردستان و عێراق، بێ ناوی چاپخانە، سلێمانی.

➢ **نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

- عثمان، گەزەنگ یوسف (٢٠٢٣)، کاریگەری ستراتیجی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێی چین لەسەر وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان: لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان، ماستەرنامە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر.
- مەحموود، هۆشمەند عەتا (٢٠٢٣)، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەیوەندییەکانی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ئێران و عێراق وەک نموونە، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

➢ **گۆڤار و ڕۆژنامە:**

- ئەحمەدی، مادح (٢٠١٢)، ماو کێیە، ماویزم چییە؟، گۆڤاری ئایدیا، سلێمانی، ژمارە (36)، کانوونی یەکەم، ساڵی نۆیەم.
- بابان، مەحموود (٢٠٢٤)، زیادبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و وەبەرهێنانی چین لە عێراق: مەترسی یان دەرفەت؟، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، ١٨ی شوبات.
- تۆفیق، ئەیوب ظاهر (٢٠٢٤)، هێزی نەرمی چین لە عێراق و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ژمارە (٢٠)، ساڵی پێنجەم، نیسان.
- تەها، یاسین (٢٠٢٢)، لاکردنەوەی عێراق بەلای چیندا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ژمارە (١٢)، ساڵی سێیەم، ئازار.
- حوسەینی، سەید حامید و نیاکویی، سەید ئەمیر (٢٠٢٤)، هەڵسەنگاندنی نەرمە هێزی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و: ئەرخەوان سەیفور، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ژمارە (٢٠)، ساڵی پێنجەم، نیسان.

- ســاڵح، دانا عەلی و نەجمەدین، باخان ئاکۆ (٢٠٢٤)، پەیوەندییەکانی چین و هەرێمی کوردســتان: ئێســتا و ئاینده، گۆڤاری ئاییندەناســی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاییندیی، سلێمانی، ژمارە (٢٠)، ساڵی پێنجەم، نیسان.
- ســاڵح، ڕێبوار ڕەئووف (٢٠٢٤)، پەیوەندییەکانی چین و هەرێمی کوردســتان و کاریگەریی لەســەر دۆزی کورد، گۆڤاری ئاییندەناســی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاییندیی، سلێمانی، ژمارە (٢٠)، ساڵی پێنجەم، نیسان.
- عەبدوڵا، ســەروەر محەمەد (٢٠٢٤)، عێراق لە ســتراتیژیی ئاســایشــی وزەی چیندا، گۆڤاری ئاییندەناســی، ســەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاییندیی، ژمارە (٢٠)، ساڵی پێنجەم، سلێمانی.
- عەزیز، سەردار (٢٠٢٣)، چین و نەوتی عێراق، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٢٠٤٤)، ٢٢ی تشرینی دووەم.
- مەحموود، هۆشــمەن عەتا (٢٠٢٤)، عێراق لە ڕێگا ئاوریشــمییەکەی چیندا، گۆڤاری ئاییندەناســی، ســەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاییندیی، ژمارە (٢٠)، ساڵی پێنجەم، سلێمانی.
- نای، جۆزیف (٢٠١٨)، هێزە نەرم و تیژەکەی چین، وەرگێرانی: ساسان عەونی، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (2801)، 6ی ئادار.

➢ **ماڵپەڕەکان:**

- دەنگی ئەمریکا (٢٠٢٤)، چین هەوڵی جێگیرکردنی هەژموونی خۆی دەدات لە عێراقدا، ٣ی کانوونی یەکەم، لەم لینەکەوە بەردەستە: (https://www.dengiamerika.com/a/7425208.html)، ڕێکەوتی سەردانی کردن: 17ی تەمووزی ٢٠٢٤.
- فەرەج، سامان صالح (٢٠٢٢)، سەرەتایەك لەبارەی دیپلۆماسیەتی تەڵەی قەرزەوە: دیپلۆماسیەتی تەڵەی قەرزی چین بە نموونە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاییندیی، لەم لینەکەوە بەردەستە: (https://www.centerfs.org/an-introduction-to-debt-trap-diplomacy/)، ڕێکەوتی سەردانی کردن: ٣ی ئابی ٢٠٢٤.

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

➢ **الكتب:**

- ناي، جوزيف س. (2007)، القوة الناعمة: وسيلة النجاح في السياسة الدولية، ترجمة: محمد توفيق البجيرمي، مكتبة العبيكان، الرياض.
- النصار، أنس خالد (2020)، الاستراتيجيا الصينية تجاه الدول العربية: الأهداف والمآلات- دراسة استشرافية،المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت.
- الهرمزي، ســيف (2016)، مقتربات القوة الذكية كآلية من آليات التغيير الدولي: الولايات المتحدة الأميركية أنموذجاً، المركز العربي للأبحاث ودراســة السياسات، الدوحة.

➢ **الرسائل والاطاريح الجامعية:**

- أحمد، هوشنك صابر (2021)، القوة الحادة الإيرانية تجاه العراق وتأثيراتها، أطروحة دكتوراه، فاكلتي القانون والعلوم السياسية والإدارة، جامعة سوران.
- باكير، علي حسين محمود (2016)، مستقبل الصين في نظام العالمي: دراسة في الصعود السلمي و القوة الناعمة، أطروحة دكتوراه، كلية الحقوق والعلوم السياسية والإدارية، قسم العلوم السياسة، جامعة بيروت.

➢ **الدراسات والمقالات الأكاديمية:**

- ابن هويدن، محمد موسى (2007)، محددات السياسة الخارجية الصينية تجاه منطقة الخليج العربي، المجلة العربية للعلوم السياسية، العدد (13).
- أحمد، هوشنك صابر و الرشدان، عبد الفتاح علي (٢٠٢١)، نظرية القوة الحادة في العلاقات الدولية وتوظيفها في السلوك السياسي الخارجي للدولة، مجلة قەڵای زانست العلمية، الجامعة اللبنانية الفرنسية– أربيل، المجلد ٦، العدد ١، شتاء.
- زعلوك، عادل عنتر على (٢٠٢٣)، التطور المنهجي لمفهوم القوة في العلاقات الدولية، المجلة العلمية لكلية الدراسات الاقتصادية والعلوم السياسية بجامعة الإسكندرية، المجلد (٨)، العدد (١٦).
- السعدون، حميد حمد (2016)، الإستخدام الأمريكي للقوة الصلبة والقوة الناعمة في السياسة الخارجية، مركز الدراسات الإستراتيجية والدولية/ جامعة بغداد، العددان (64- 65) من نشرة قضايا سياسية.
- العامري، ابتسام محمد (٢٠١٧)، توجهات السياسة الصينية حيال العراق بعد العام 2003، مجلة قضايا سياسية، جامعة النهرين، بغداد، العدد (48-49).
- علي، صفاء حسين (2020)، إسراتيجية القوة الذكية وأثرها في السياسة الخارجية الصينية، مجلة الجامعة العراقية، العدد (47)، الجزء (3).

➢ **المواقع الالكترونية:**

- بريستو، مايكل (2009)، الصين تطلق قناة تلفزيونية باللغة العربية، بي بي سي- عربي، متاح على هذا الرابط: (https://n9.cl/z0f1u)، تاريخ الزيارة: 13 حزيران 2024.
- السومرية (٢٠١١)، زيارة المالكي الى الصين تثمر عن توقيع عدد من الاتفاقات الاقتصادية، متاح على هذا الرابط: (https://bit.ly/3sDWwHW)، تاريخ الزيارة: ١١ حزيران 2024.
- جمعية الصداقة العراقية الصينية، متاح على هذا الرابط: (https://iqch.org/#about)، تاريخ الزيارة: 19 آب 2024.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

➢ **Books:**

- Cole, J. Michael (2018), The Hard Edge of Sharp Power: Understanding China’s İnfluence Operations Abroad, A Macdonald-Laurier Institute Publication, Ottowa.

- Jonathan, Hillman E. (2020). The Emperor's New Road: China and the Project of the Century, Yale University Press, London.
- Luthi, Lorenz (2008). The Sino-Soviet Split: Cold War in the Communist World, Princeton University Press.
- Sun, Yan (2020), From Empire to nation state: Ethnic Politics in China, Cambridge University Press.

➢ **Articles and Researches:**

- Aras, İlhan (2022), Understanding China Through Sharp Power: Dragon's Teeth? İçtimaiyat Sosyal Bilimler Dergisi, Volume: 6 Issue: 2, 30 November.
- Becard, Danielly Silva & Filho, Paulo Menechelli (2019), Chinese Cultural Diplomacy: instruments in China's strategy for international insertion in the 21st Century, Revista Brasileira de Política Internacional, 62 (1): e005.
- Chaziza, Mordechai (2017), China and the Independent Kurdish State, Begin-Sadat Center for Strategic Studies, Bar-Ilan University, Israel, Paper No. 590, September 2017.
- Eminoğlu, Ayça & Wso, Aram Ahmad (2023), The Role of Sharp Power in the External Political Behavior of People's Republic of China (PRC), Res Militaris journal, volume 13, Issue 3, March/ Spring.
- Gallagher, Kevin P. (2018), Energizing development finance? The benefits and risks of China's development finance in the global energy sector, Energy Policy, Volume 122, November.
- Gul, Zana 2023, The new era in the continuum of China and Iraq's relationship, Asian Journal of Comparative Politics, Volume 8, Issue 1, March.
- Hur, Aram (2019), North Korea's Sharp Power and The Divide Over Korean Identities, In G. Rozman (Ed), Joint U.S. Korea Academic Studies, Volume 30, Korea Economic Institute of America, Washington DC.
- Jinglie, Wang (2010), Review and Thoughts over the Relationship between China and the Middle East, Journal of Middle Eastern and Islamic Studies (in Asia), Volume 4, Issue 1.
- Losurdo, Domenico (2017), Has China Turned to Capitalism? Reflections on The Transition from Capitalism to Socialism, International Critical Thought, Vol 2, No 1.
- Singh, Mandeep (2018), From Smart Power to Sharp Power: How China Promotes Her National Interests, Journal of Defence Studies, Vol. 12, No. 2, July–September.
- Wu, Yenna (2019), Recognizing and Resisting China's Evolving Sharp Power, American Journal of Chinese Studies, Vol. 26, No. 2, October.

➢ **Scientific Websites:**

- A Global Ranking of Soft Power (2019) The Soft Power 30, Available at: (https://softpower30.com/wp-content/uploads/2019/10/The-Soft-Power-30-Report-2019-1.pdf), (Accessed: 12 July 2024).
- China File 2018, How To Fight China's Sharp Power, A ChinaFile Conversation, Available at: (https://www.chinafile.com/conversation/how-fight-chinas-sharp-power), (Accessed: 8 May 2024).
- Isackson, Peter (2019), Sharpening the Knives of Diplomacy, January 08, Available at: (https://www.fairobserver.com/region/north_america/soft-power-hard-power-joseph-nye-diplomacy-world-politics-news-today-56123/#), (Accessed: 27 April 2024).
- New CNAS Report (2022), Competitive Connectivity: Crafting Transatlantic Responses to China's Belt and Road Initiative, Available at: (https://www.cnas.org/publications/reports/competitive-connectivity), (Accessed: 7 August 2024).
- Nye, Joseph S. (2015), The limits of Chinese soft power: China has emphasised its cultural and economic strengths, but has paid less attention to political aspects, Gulf News, Available at: (https://gulfnews.com/opinion/op-eds/the-limits-of-chinese-soft-power-1.1549699), (Accessed: 7 march 2024).
- ………… (2018), China's Soft and Sharp Power, Project Syndicate, Available at: (https://www.project-syndicate.org/commentary/china-soft-and-sharp-power-by-joseph-s--nye-2018-01), (Accessed: 7 march 2024).
- Parker, Sam & Chefitz, Gabrielle (2018), China's Debtbook Diplomacy: How China is Turning Bad Loans into Strategic Investments, The Diplomat, Available at: (https://thediplomat.com/2018/06/chinas-debtbook-diplomacy-how-china-is-turning-bad-loans-into-strategic-investments/), (Accessed: 3 August 2024).
- Taehwan, Kim (2018), Authoritarian Sharp Power: Comparing China and Russia, The ASAN Forum, Open Forum, June 18, Available at: (https://theasanforum.org/authoritarian-sharp-power-comparing-china-and-russia/), (Accessed: 14 January 2024).
- The Economist (2017), What to do about China's "sharp power", December 16th, Available at: (https://www.economist.com/leaders/2017/12/14/what-to-do-about-chinas-sharp-power), (Accessed: 14 January 2024).
- Walker, Christopher & Ludwig, Jessica (2017), The Meaning of Sharp Power: How Authoritarian States Project Influence, Foreign Affairs, November 16th, Available at: (https://www.foreignaffairs.com/articles/china/2017-11-16/meaning-sharp-power), (Accessed: 2 April 2024).

چوارەم: سەرچاوەی تورکی:

- Aram Ahmad Wso, Soğuk Savaş Sonrasi Dönemde Çin Diş Politikasinda Keskin Güç Uygulamasi: Avustralya Örneği, Doktora, Karadeniz Teknik Üniveritesi Soysal Bilimler Enstitüsü, Uluslararasi İlişkiler Anabilim Dalli, Mart-2024.

# اَلقُوة الحادَّة فِي السِّياسة الخارجيَّة لِجمْهوريَّة الصِّين الشَّعْبيَّة تُجَاه جُمْهوريَّة العرَاق الاتِّحاديَّة (2017– 2024)

سەروەر حمە احمد
كُليَّة اَلعُلوم السِّياسيَّة، جَامِعة صَلَاح الدِّين– أَربيل،أقليم كوردستان ،العراق
sarwar.ahmad@su.edu.krd

أمين فرج شريف
كُليَّة اَلعُلوم السِّياسيَّة، جَامِعة صَلَاح الدِّين– أَربيل،أقليم كوردستان ،العراق
amin.sharif@su.edu.krd

**ملخص**

نظرًا لِكَون اَلقُوة الحادَّة مَوضُوع جديد وَمهِم فِي مَجَال العلاقات الدَّوْليَّة ويؤثّر على العلاقات بَيْن الدُّول. تَحمُّل هَذِه الدِّراسة عُنْوانًا (اَلقُوة الحادَّة فِي السِّياسة الخارجيَّة لِجمْهوريَّة الصِّين الشَّعْبيَّة تُجَاه جُمْهوريَّة العرَاق الاتِّحاديَّة "2017– 2024")، وَالتِي تَنوِي مُنَاقشَة اَلقُوة الحادَّة فِي سِياسة الصِّين الخارجيَّة تُجَاه العرَاق. تَكمُن أَهَميَّة الدِّراسة مِن كوْنهَا تُنَاقِش قَضيَّة مَا على المسْتوى اَلعلْمِي والْأكاديميّ؛ لَم يَتِم بَحثُهَا بِالشَّكْل المطْلوب. لِذَا؛ فَإِن هدف هَذِه الدِّراسة هُو عَرْض تَعرِيف اَلقُوة الحادَّة وخصائصهَا وأدواتهَا مِن جِهة وَتحدِيد مجالَات العلاقة بَيْن جُمْهوريَّة الصِّين الشَّعْبيَّة وجمْهوريَّة العرَاق الاتِّحاديَّة مِن جِهة أُخرَى. وَعلَى هذَا الأَسَاس تُحَاوِل هَذِه الدِّراسة الإجابة عن سُؤَال رئيس مُفَادَه: مَا هُو تَأْثِير اَلقُوة الحادَّة على السِّياسة الخارجيَّة لِجمْهوريَّة الصِّين الشَّعْبيَّة تُجَاه جُمْهوريَّة العرَاق الاتِّحاديَّة؟ لِلْإجابة على هذَا التَّساؤل تُحَاوِل الدِّراسة عَرْض سِياسة جُمْهوريَّة الصِّين الشَّعْبيَّة تُجَاه العرَاق بَيْن عَامَي 2017– 2024 مِن خِلَال المنْهج اَلوصْفِي وَتحلِيل المحْتوى وبالاعْتماد على الأدبيَّات المكْتبيَّة. مِن أَجْل إِيصَال الغرض وَتحلِيل المواضيع، يَتكوَّن هذَا البحْث مِن مُقدِّمة وَثلَاثَة مَباحِث رَئِيسَة، يُركِّز المبْحث الأوَّل على الإطَار النَّظَرِيّ لِلدِّراسة. ثُمَّ يُخصِّص المبْحث الثَّاني لِتسْليط الضَّوْء على اَلقُوة الحادَّة فِي السِّياسة الخارجيَّة لِلصِّين. ويسلِّط المبْحث الثَّالث الضَّوْء على اَلقُوة الحادَّة فِي العلاقات بَيْن جُمْهوريَّة الصِّين وجمْهوريَّة العرَاق. وَفي الختَام، تَوصلَت هَذِه الدِّراسة إِلى عِدَّة اِسْتنْتاجات، أهمُّهَا: اِسْتخْدام اَلقُوة الحادَّة مِن قَبْل جُمْهوريَّة الصِّين الشَّعْبيَّة ضِدَّ جُمْهوريَّة العرَاق الاتِّحاديَّة، بِواسِطة آليَّات مُختلفَة، مِن أَجْل فَرْض الهيْمنة وخلْق اَلمزِيد مِن النُّفوذ عليْهَا.

**الكلمات المفْتاحيَّة:** اَلقُوة الحادَّة، جُمْهوريَّة الصِّين الشَّعْبيَّة، جُمْهوريَّة العرَاق الاتِّحاديَّة، الأبْعاد السِّياسيَّة والاقْتصاديَّة والثَّقافيَّة.

# Sharp Power in the Foreign Policy of the People's Republic of China Towards the Federal Republic of Iraq 2017- 2024

Sarwar Hama Ahmad
College of Political Sciences, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region ,Iraq
sarwar.ahmad@su.edu.krd

Amin Faraj Sharif
College of Political Sciences, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
amin.sharif@su.edu.krd

**Abstract**

In the field of international relations, sharp power is a recent and significant topic that influences relations between nations. This paper, "Sharp Power in the Foreign Policy of the People's Republic of China Towards the Federal Republic of Iraq 2017-2024," aims to discuss sharp power in China's foreign policy towards Iraq. The study is significant since it addresses a topic at the academic and scientific level, even though it hasn't undergone the necessary amount of research. This study aims to define sharp power, and then go on to discuss its characteristics and instruments, as well as the areas of cooperation between the Federal Republic of Iraq and the People's Republic of China, based on this, the study aims to respond to the following central question: What is the impact of sharp power on the People's Republic of China's foreign policy toward the Federal Republic of Iraq? The study uses a descriptive and content analysis approach based on secondary sources to address this question by presenting the People's Republic of China's policy towards Iraq between 2017 and 2024. To explain goals and the main themes, this paper is divided into three main sections, the first section focuses on sharp power in international relations. The second section sheds light on the sharp power in China's foreign policy. The third section discusses the sharp power in relations between the People's Republic of China and the Republic of Iraq. In conclusion, this study reached several conclusions, the most important of which is: the use of sharp force by the People's Republic of China against the Federal Republic of Iraq, through various mechanisms, to impose hegemony and create more influence over it.

**Keywords:** (Sharp Power, People's Republic of China, Federal Republic of Iraq, Political, Economic and Cultural Dimensions)